# نازناوی ناشایستە لەسەر خێزان و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی

لەکۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتدا زۆرجار ناووناوبانگ و نازناو(لەقەب) بەتایبەتیش ئەگەر ناقوڵا و ناشایستە و ناخۆش بوو، دەبێتە مایەی برینداربوونی هەستی مرۆڤەکان، خستنە پاڵی ئەو نازناوانە کە رەنگە هیچ پێوەندییەکی بەکەسێتی ئەو تاکەوەش هەر نەبێت، بەڵکو وەك نازناوێك لەخێزان و بنەماڵەوە بۆی مابێتەوە، ئەم نازناوانە مەرج نییە بەهۆی کاری باشەوە بن، بەڵکو هەندێکیان دەرەنجامی کار و رووداو و بەسەرهاتی خراپەوە بن کە بەڕاستی دەبنە رێگر لەبەردەم ژیانی کۆمەڵایەتی و زۆرجاریش پێکهێنانی خێزان بەتایبەتیش بۆ کچان. لەم راپۆرتە لایەنە کۆمەڵایەتییە خراپەکانی نازناو و ناولێنانی ناشایستە دەخەینەروو، هاوکات بێ تاوانی کچ لەم مەسەلەیەدا روون دەکەینەوە:

**(ئاورینگ حەمەفەرەج)ی فەرمانبەر بۆچوونی وایە**، تاکی کوردی قوربانیدەری ئەو نازناوە هەڵانەن کە هیچ پێوەندییەکی بەکەسێتی ئەو کەسەوە نییە بەتایبەت کچ، زۆرجار پرۆسەی هاوسەرگیری کچ لەسەر ئەو مەسەلەیە هەڵوەشاوەتەوە، لەخێزانێکدا ئەگەر باوك یان دایك یان هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە کارێکی خراپ ئەنجام بدات، دەبێتە نازناوێکی خراپ، کە هیچ گوناهێکیشی نییە بۆچی دەبێت ببێتە رێگر بۆ کچ یان هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە.

(ژیوار جەزا)ی قوتابی زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی ئەندازیاری دەڵێت: ئێمە وا دەڕوانین کە ئەگەر کەسێك کارێکی نالەباری کرد، ئیدی ئەمە پەروەردەی خێزانەکەی بەرەو ئەو ئاقارەی بردووە، بەڵام بیرلەوە ناکرێتەوە کە تاك کاتێك لەخێزان دەردەچێت رووبەڕووی شتە جیاوازەکانی دەوروبەر دەبێتەوە و لەژێر کۆنترۆڵی خێزاندا نامێنێت، بۆیە دەکرێت لەژیانی رۆژانەیدا تووشی کارێکی هەڵە و خراپ بێتەوە، ئەمە چ پێوەندییەکی بە خوشك یان برا یان دایك و باوکەوە هەیە، لەکاتێکدا خێزانەکەیان دڵخۆش نین بەو کارە، بۆچی دەبێت ئەوان باجەکەی بدەن.

**(ئارام جەمال) وەک رووناکبیر و نووسەر، باس لەبیر تەسکی تاکی کورد دەکات**، کە ئەنجامدانی کار دەرهاویشتەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەو کەسەیە بۆ کارەکە، نەك پەروەردەو پێگەی خێزانی، لەوکاتەی مرۆڤ کارێك دەکات بیر لە دەرەنجامەکانی ناکاتەوە، لەکاتێکدا خوشکەکەی لەکاتێکی هەستیاردا تووشی ئەو حاڵەتە دەبێتەوە کە بۆچی براکەی ئەو کارە نالەبارەی کردووەو ئێستا کاریگەری لەسەر داهاتوو و ژیانی ئەو دەبێت؟ یاخود بەپێچەوانەوە کچێك هەڵەیەك دەکات، براکەی ببێتە گوناهبار، بۆیە با ئێمە روونتر سەیری دەرەنجامی کارەکان بکەین و پەیوەست نەبین بەناوی بنەماڵەو رەفتارو کەسایەتی ئەو خێزانە، بەڵکو تەنیا خودی کەسێتی ئەو کەسە وەربگرین و قبوڵی بکەین.

**(ژیان والی) مامۆستا دەڵێت:** وەك خۆم زۆر گرنگی بەناوی بنەماڵە دەدەم، تەنانەت لەژیانی خۆم جێبەجێم کردووە، چونکە ئێمە لەم کۆمەڵگەیەدا دەژین نەك کۆمەڵگەیەکی کراوە کە ئەو نازناو و قسانە قبوڵ نەکەن و بەهەند وەرینەگرن کە لەسەر خێزانی ئەو کەسە هەیە، ئەگەر لەگەڵ کوڕێکدا هاوسەرگیری بکەم کە خێزانەکەیان هەر ئەندامێکیان بێت نازناو یان کارێکیان کردبێت، وەك بۆ نموونە راو و رووت یا دزی یا هەر کارێکی ناشایستە و نابەجێ، ببێتە مۆرکێکی ناشیرین پێیانەوە، چۆن بتوانم ژیانی لەگەڵدا بەسەربەرم، ترسم لەقسە توندەکانی کۆمەڵگەیە، کە هەمیشە بەدواتەوە دەبن و لەداهاتوودا وەك میراتێك بۆ نەوەکان دەمێنێتەوە.

لەبەرامبەر هەموو ئەو بۆچونانەدا لەرووی لێکدانەوە دەروونی و کۆمەڵناسییەکەوە، خاتوو(میهرەبان جەلال) دەڵێت: مرۆڤ کاری هەڵەی لێدەوەشێتەوە، بەو مانایەی ئەگەر کارێکی خراپی بەئەنجام گەیاند مانای ئەوە نییە دوو هێڵی راست و چەپ بەسەر هەموو ژیانی خۆی و خێزانەکەیدا بهێنرێت، بەڵام لەم کۆمەڵگەیەدا تەنانەت ئەگەر باپیرەشی کارێکی کردبێت و بووبێت بە نازناوی ئەو خێزانە، نەوەکانی باجەکەی دەدەن و کاریگەردەبن پێی. مرۆڤ هەمیشە دەگۆڕێت و بەهەڵەکانیدا دەچێتەوە.

زیاتر لەم لایەنەدا کچ دەبنە قوربانیدەر، لەکوردیدا دەڵێن: (دایك ببینە کچ بخوازە) ئەم پەندە راستە، بەڵام ئەگەر دایك خراپ بێت، مەرج نییە کچەکەشی بەو شێوەیە بێت. فراوانتر بیربکەینەوە، پێدەچێت بەهۆی بارودۆخێکەوە دایکی تووشی هەڵەیەك بووبێت، ئیتر ئەمە بووبێتە بەرنامە و کچەکەشی بەهەمان شێوە بێت، لەئێستادا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان فراوان بوون و تائێستاش هەوڵی خۆ رۆشنبیرکردن دەدات، بۆیە هیچ کەسێك بەرپرس نییە لەکەسێتی کەسانی خێزان و دەوروبەر.



# ناکرێ منداڵ بکرێتە قوربانی ململانێی نێوانی ژن و مێرد




دادوەر : عەدنان حەسەن دەلۆ

منداڵ کە دیاری و نیعمەتێکی خوداییە و درێــژە پێدەری ژیان و بوون و کەینونەی مرۆڤــە، کەچی هەر ئــەو منداڵە رەنگە بکەوێتــە دۆخێکــەوە کە لەرووی ســۆز و ئینســانییەتەوە ببێتە مایــەی بەزەیی پێهاتنەوە ئینجا لەگەڵ ئەوەی کە جاری وا هەیــە ژن و مێــرد، کە لــە منداڵبوون وەزەحمەت دەکەون، دنیایەك مەشــەقەت و دژواری ببینن، کۆڵێك پــارە و پول خەرج بکــەن هەر بۆ ئەوەی منداڵێکیان ببێ، کە منداڵیش دێتە ســەر دنیــا بێئاگا لەوەی رەنگــە ناکۆکی نێوان دایــك و باوکەکەی ببێتە هۆی ســەر گــەردان بوونی . ئەمە دۆخێکی ئینسانی هە ست بزوێنە و دەبێ رێگە لە حاڵەتە بگیرێت . هەر لەبەر ئەوەشە (فقهاء)ی یاسا هەوڵیان داوە کە ئەو جۆرە منداڵانە لەم جۆرە حاڵەت و دۆخانە بپارێزن . جاری وا هەیە کاتێك ژن و مێرد دەکەونە نێو ناکۆکییەوە و ناکۆکییەکەیان دەکێشێتە ســەر تەڵاق و لێکجیابوونەوە، منداڵەکەیان دەکەنە ئامــرازی دژایەتی کردنی یەك . ئینجا یــا ئەوەتا ژنەکــە منداڵەکە زەوت دەکات و ناهێڵێ باوکەکــە منداڵەکەیی ببینێ، یان بە پێچەوانەوە، کە ئەمەش رێك پێچەوانەی یاسـایە . چونکە هەر دووڵای ناکۆك دەبێ لەوە بگەن کە سیستمێك هەیە لە یاســادا پێیدەگوترێ سیستمی گشتی (النظام العام) واتە شــتێك کە پێچەوانەی یاسا و رێسای گشــتی بێت قەدەغەیە و رەتدەکرێتــەوە .جا قەدەغــە کردنی دایك یــا باوك لە بینینی منــداڵ لە لایەن هەر یەکێکیانــەوە بێت، پێچەوانەی سیســتمی گشتییە و یاســا رێگەی پێنادات . ژن و مێرد ئەگەر وازیشــیان لە یەك هێنا بەڵام ناتوانن منداڵیــان لە یەك قەدەغە و حەرام بکــەن . ئەوە حاڵەتە رۆژانە لە دادگاکاندا دەبینرێت کە دایك هەبوە هەموو شــتێکی کــردووە هەر بــۆ ئــەوەی مێردەکەی کە تەڵاقی داوە، نەتوانێ منداڵەکەی ببینێت . راســتە بەخشــینی منداڵ بە یەکێکیان بــە پێی تەمەن و بــارودۆخ و کۆمەڵێك هۆکارەوەیە و منــداڵ چەند بچووکیش بێــت ئەوەندە دایك مافــی لە باوەش گرتنی زیاتری هەیــە، بەڵام جاری واش هەیە، منــداڵ زۆریش بچووکە کەچی یاسا دایکەکە بێبەش دەکات لە دایەنی کردنی، ئەوەش دادگا خۆی هۆکارەکان بەپێی یاسا دیاریدەکات و هەڵدەســەنگێنێ . جاری واش هەیە پیاو لە رقــی ژنەکەی کە تەڵاقی داوە یــا لە بێویژدانی و بێبەزەیی و کەمتەرخەمی خۆی، یا ژنێکی تری هێناوە بە هاندانی ئەو ژنە تازەیەی، ئامــادە نییە بژێــوی منداڵەکەی بدات . لێرەدا یاســا بەزۆرەملێ ئەو ئەرکە بە ســەر ئەوە پیاوەدا دەسـەپێنێ و ناچــاری دەکات کە بژێــوی منداڵەکەی بــدات . هەموو ئەوانە بــۆ ئەوەیە تا وەکو مافی ئــەو منداڵە بپارێــزرێ و، خودی منداڵەکــەش لە هەر جەور و ســتەمێکی دایــك وباوکی بپارێزرێــت چونکە منداڵ هەتا گەورە دەبێت ئەمانەتێکە بەسەر دایك و باوکییەوەیە، پێویستە هەقی ئەو ئەمانەتە بە جوانترین شــێوە بدرێت و یاســاش وەك رێکخەری پەیوەندییــەکان و بەدیهێنەری داد وەدادپەروەری و پاراستنی مافەکان، ئەم ئەرکە دەخاتە ئەســتۆی دایك و باوك ئەم مافانــەی منداڵیش دەپارێزێت . بۆیە زۆر بەلامەوە گرنگە، کە دەزگاکانی راگەیاندن و پارەزەرانیــش هەوڵبدەن ئەو هوشــیارییە یاســاییە لە ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بــڵاو بکەنەوە کە منــداڵ ئەمانەتێکە لە ئەســتۆی دایك و باوك، هەوڵنەدەن بیکەن بە سووتەمەنی ناکۆکییەکانیان و ستەمیان لێبکەن و لە مافەکانیان بێبەشــیان بکەن . ئەوان دەتوانن لێکجیا ببنەوە و ژیانی تازەیان دەستپێبکەنەوە، بەڵام ناکرێ لە منداڵەکانیان جیاببنەوە، ئەوان بەشێکن لە جەستەی دایك و بــاوك، ئەدی لە خــۆڕا نەوتراوە منداڵ جەرگی دایك و باوکییەتی.



بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com


چۆن مامەڵە
لەگەڵ ئەوانە
بکەین کە لەنێو
خێزاندا دوچاری
دڵەڕاوکێ و
وەسواسی هاتوون؟

**وەسواسی یان بەکوردییەکەی دڵەڕاوکێ وەك زۆربەی نەخۆشییە دەروونییەکانی تر چەندین گریمانەو لێکدانەوەی بۆ کراوە، هەندێك لە زاناکان لەسەر ئەو بڕوایەن وەسواسی لە ڕێگەی لاسایکردنەوە لە باوانەوە بۆ وەچەکانیان دەگوازرێتەوە، بەڵگەشیان ئەوەیە کە زۆربەی ئەندامانی ئەو جۆرە خێزانانە تووشی مەراق و وەسواسی دەبن. زۆرجاریش هۆکاری بۆماوەیی ڕۆڵی دەبێ لە گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە. هەندێکیش لە زانایانیش هۆکاری ئەم نەخۆشییەیان پابەندی پێکهاتەی دەروونی تاکەکان کردوون. بەهەرحاڵ، هۆکارەکان هەرچییەك بن، بوونی کەسانێکی وەها لەناو خێزاندا کێشەیەکی ئاڵۆزە بۆ ئەندامانی ئەو خێزانە. لەم ڕێپۆرتاژەدا هەوڵدەدەین ئەم کێشەیە بخەینە بەر باس...**

**سەرتا تریفە ئامانج تەمەنی ١٦ ساڵەو لەو بارەیەوە دەڵێت:** کە منداڵ بووم دایکم ئەم گرفتەی هەبوو، تا کۆتایی نان خواردن چەندین جار لەسەر سفرە دەمانێرێتەوە بۆ دەست شۆرین، چونکە ناتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە من و خوشك و براکانم دەستمان خاوێن بێت. لەگەڵ ئەوەش هەمیشە کێشەی هەیە لەگەڵ باوکم لەسەر پاك و خاوێنی. ئەگەر چی چەندە خەریکی ماڵ و خۆمان بین ئەو بەهیچ جۆرێك لێمان ڕازیی نابێت.

ئەم کێشەیەی دایکم زۆربەمانی بێزارکردووە، خوشکە گەورەکەشم هەمان کێشەی دایکمی هەیە زۆرجار پێیدەڵێین کەئەمە گرفتە هەوڵبدات لە خۆی بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت و هەمیشە لە گوماندایە لەو شتانەی کە بەریدەکەوێت ئیتر هەرشتێك بێت.

گرنگیدانی زۆر بەتەندروستیی خوود یەکێکی ترە لە نیشانەکانی وەسوەسیی. زور چوونە لای دکتۆر و زۆر هاوارکردن لە ئازار هەرچەندە هەوڵبدرێت و بەوەی بگەیەنیت کە ئازارەکە ئەوەندەش نییە، بەڵام ئەو دەیسەپێنێ بەسەر خۆیدا کە نەخۆشێکی زۆر بەئازارە.

**ئاری ئەبوبەکر تەمەن ٢٣ ساڵە و ماوەی چەند مانگێکە نەشتەرگەریی کردووە. بەڵام هەستێکی زۆر ناخۆشیی تووش بووە و دەڵێت** «لە دوایی نەشتەرگەریەکەمەوە وا هەست دەکەم، ئازارەکەم زیاد دەکات چەندین جار سەردانی دکتۆرم کردووە، بەڵام دڵنیایە لە باشی تەندروستیم. لەم ماوەیەدا چوومە لای دکتۆرێکی دەروونی ئەو پێووتم کە تووشی دەردی واسواسیی بووم و هیچ گرفتێکی ترم نییە. ماوەیەك باش دەبمەوە دواتر وام لێدێتەوە ناتوانم خۆم لەو گرفتە بهێنمە دەرەوە، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە بیر لە نەشتەرگەرییەکە دەکەمەوە، چونکە پێش ئەوەی ئەو نەشتەرگەرییە بکەم زۆر دەترسام لە نەشتەرگەری، هەربۆیە تووشی گرفتی دەروونیش بومەوە، ئەگینا پێشتر باوەڕم بەوە نەبوو کە تووشی دڵەڕاوکێ و واسواسیی ببم.

**هەندێکجار کارەساتە دڵ تەزێنەکانیش هۆکارێکن بۆ ئەوەی مرۆڤ تووشی واسواسیی بکەن لە ڕێگەگرتن و بە پاساوی ڕوونەدانەوەی ئەو ڕووداوە، بۆیە دوای لەدەستدانی ئازیزێکیان هەمیشە لە کەسەکانی تر دەپرسنەوە، بەتایبەت دایکان و باوکان. لەو بارەیەوە مەریەم محەمەد کە پێشتر دوو منداڵی مردووە دەڵێت:** لەدوای لەدەست دانی شەهێنی کچم و سەروەری کوڕم کە باکارەساتی ئۆتۆمبێل لە ناوچوون، ئیتر لەو ساوە تا ئێستا توانای ئۆقرە گرتنم نەماوە، بە ڕۆژ بەو حاڵەوە دەمێنمەوە تا شەوانە هەمووان دێنەوە ناو ماڵ. هەر جارێك کە لەدەرگا دەدرێت، وا هەست دەکەم هەواڵێکی ناخۆشم پێدەگات، بۆیە لە جێگەی خۆم ڕادەچنم و دەمودەست ئۆقرەم لەبەر دەبڕێت، ئاخر ئازارێکی هێندە بە سوێم چەشتووە نامەوێت جارێکی تر دووبارە بێتەوە. بۆیە هەمیشە داوا لە منداڵەکان دەکەم کە ئەوەندە نەچن بۆ شوێنی دوور کە دەشچن هەتا دێنەوە ئیتر من شێت دەبم سەد تەلەفۆن دەکەم، سەد پرسیارم لا دروست دەبێت. بەهۆی ئەم گرفتە دەروونییەوە منداڵەکان چەندین دکتۆریان پێکردووم ماوەیەك باش دەبم بەڵام دوای ماوەیەك دیسان واملێدێتەوە. تەواوی منداڵەکانم بێزار کردووە بەم گرفتەمەوە.

پسپۆرانی تەندروستی ڕێنمایی خێزانەکان دەکەن لەوەی زۆر بەباشیی ئاگایان لەباری دەروونی ئەو کەسانە بێت کە تووشی وەسواسیی بوونە و ئاگاداریان دەکەنەوە کە بەهیچ جۆرێك هەوڵنەدرێت گاڵتەیان پێبکرێت و دڵیان ڕابگیرێت و هیچ کات بەتەنیا بەجێیان نەهێڵن، چونکە تا بەتەنیا بن زیاتر فشاری دەروونی زیاتریان بۆ دێت.

**هەر لەو بارەیەوە پزیشکی شارەزا لە بواری نەخۆشییە دەروونییەکان شەهلا فەتاح ئاگاداری ئەو خێزانانە دەکاتەوە کە کەسێکیان هەیە دووچاری دڵەڕاوکێ و وەسواسی بووینە کە:** باشترین چارەسەر بۆ ئەو جۆرە کەسانە ئەوەیە کە بە زووترین کات سەردانی پزیشکی پسپۆریان پێبکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووترە بتوانرێ دەستنیشانی نەخۆشییەکەیان بۆ بکرێت و سەرچاوە و هۆی نەخۆشییەکەیان بۆ بدۆزرێتەوە، تاوەکو بتوانرێ چارەسەری پێویست و وردی بۆ دابنرێت. چونکە جاری وا هەیە دڵەڕاوکێیەکە سووك و سادەیە پێویستی تەنیا بە چەند ڕێنماییەکی پزیشکی هەیە، جاری واش هەیە ئەگەر زوو چارەسەری بۆ نەکرێت ڕەنگە لێی پیس بکات و تەواو حاڵی تێکبدات و پێویستی بە خەواندن هەبێت لە نەخۆشخانە و بخرێتە ژێرچاودێری و چارەسەری پزیشکی درێژخایەن.

# هاوڕێیەتیەک داهـ

هەمووکەسێك لەژیانی خۆیدا هەوڵ دەدات کەسێك بکاتە هاوڕێی خۆی کە دڵسۆز و بەئەمەك بێت، لەرۆژگاری ئێستاماندا دۆزینەوەی ئەو کەسە مەحاڵە، چونکە هەمیشە مرۆڤەکان بەگومانەوە لەیەکتر دەڕوانن، گومانی تێدا نییە دەرەنجامە نێگەتیڤەکان وایکردووە ئەو متمانەیە بەرەو کاڵبوونەوە بچێت. ئەوەی لەژیانی (شاخەوان)دا دەیبیستین هیچی کەمترنییە لەژیانی کچێك کەتووشی کاری خراپ دەبێت، چونکە تووشی حاڵەتێکی دەروونی وابووە وەك خۆی دەڵێت چارەسەرکردنی ئەستەمە:

**وەرگرتنی لەزانکۆ**

شاخەوان، لەکاتێکدا قوتابی پۆلی شەشی ئامادەیی بووە کەسێکی جددی بووە، زانیویەتی چۆن کاتەکانی بۆ خوێندن و خوێندنەوە تەرخان بکات، ئەمەش وایکردووە نمرەیەکی باش بەدەست بهێنێت و لەیەکێك لەکۆلێژەکان وەربگیرێت. خوێندن هەموو ئاواتێکی بووە، بەڵام کە دەگاتە زانکۆ سەرجەم ئاواتەکانی پێچەوانە دەبنەوە، وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووە کە بۆی هاتۆتە پێش.

شاخەوان دەڵێت: کەچوومە زانکۆ حەزم دەکرد کەسێك هاوڕێم بێت بەمانای وشە هەڵگری وشەی هاوڕێیەتی بێت، یەکەم رۆژی چوونم بۆ زانکۆ لەبەشی تۆمارگەی زانکۆ بەهۆی کارەکەمانەوە کەوتمە قسەکردن لەگەڵ کوڕێکدا کەناوی رزگار بوو، لەدوای گفتوگۆ زانیم لەهەمان ئەو بەشەیە منیش لێی وەرگیراوم، رزگار ئەو کوڕە بوو هەموو ژیانی منی فەوتان.

رزگارپێشترلەپەیمانگابوو، لەبەرئەوەی لەیەکەمەکان بووە لەزانکۆ وەرگیراوە، کە ئەمەی باس کرد زۆر دڵم پێی خۆش بوو وتم هاوڕێیەتی کەسێکی زیرەك و جددی دەکەم، ئیتر لەورۆژەوە بووینە هاوڕێ و رۆژانە زۆربەی کاتەکانمان بەیەکەوە بەسەر دەبرد، بەڵام رزگار رۆژانە دوای تەواوبوونی



وانەکانمان نەدەڕۆیشتەوە هەر لەزانکۆ دەمایەوە، پێم دەوت ئەمە کارێکی باش نییە دەیکەیت، چونکە کاتەکان هەروا بەخۆڕایی دەڕوات. ئەم قسانەی من بێسوود بوو، تارۆژێك بەمنی وت تۆ بۆچی زوو دەڕۆیتەوە؟ ڕۆژێك لەگەڵمدا بمێنەرەوە بزانە دوای دەوام چەند خۆشترە تا کاتی دەوام!

شاخەوان دەڵێت: وتنی ئەم قسەیە زۆر سەیر بوو، دەمویست بزانم بۆچی خۆشترە؟ لەبەرئەوە بڕیارمدا منیش بمێنمەوە.

مانەوەم لەگەڵ رزگاردا لەکۆلیژ بۆدوای کۆتایهێنانی دەوام:

ڕۆژێك لەدوای تەواوبوونی وانەکان لەزانکۆ مامەوە، رزگار وتی: شاخەوان تۆزێکی تر هەندێك برادەرم هەیە پێتی دەناسێنم و دوایی دەچینە دەرەوەی زانکۆ!

لەکافتریا دانیشتبووم کە برادەرەکانی هاتن، دوو کچ و کوڕێك بوون، لەدوای یەکترناسین وتیان بابڕۆین، وتم رزگار بۆ کوێ دەچن؟ وتی تۆ وەرە و حەقت نەبێت. منیش لەگەڵیاندا ڕۆیشتم چووین بۆ پارکی ئازادی، لەوێ زۆرماینەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ، زۆر هەستم بەشەرم و دڵەراوکێ دەکرد، چونکە باسی هەندێك بابەتیان دەکرد هەرگیز لەژیانمدا گوێم لێیان نەبووە، پێم وتن دەبێت من بڕۆم زۆر درەنگ بووە.

لەبەرئەوەی لەخێزانەکەماندا هەمیشە لێپرسینەوە هەبووە، باوکم زۆر توڕە بوو کە تائێستا نەهاتوومەتەوە و لەهەمان کاتدا پرسێکم نەکردووە، پەشیمان بووم لەوەی لەگەڵیاندا ڕۆیشتم، لای خۆم بڕیارمدا جارێکی دیکە نەچمەوە.

چۆن کەوتمە هەڵەوە

رزگار بۆ ڕۆژی دوایی پێی وتم شاخەوان پێیت خۆش بوو ئەوکەسانەت ناسی؟ هەست دەکەم تۆ کەسێکی شەرمنیت، پێمخۆشە کەمێك کراوەتر بیت، وتم نا سوپاس حەزم لەو جۆرە کەسانە نییە و پەشیمانم، من ئەمەم وتوو، رزگار: وەڵامی دامەوە و وتی تۆ هەڵە دەکەیت ئەوانە کەسی باشن و دەستی کرد بەوەسفکردنیان، ئەوەندەی تر قەناعەتی پێکردم هاوڕێیەتیان بکەم، ئەمە یەکەم هەنگاونانم بوو بەرەو هەڵدێربوون.

ئیتر لەمەوە وام لێهات لەگەڵ دایك و باوکمدا درۆ بکەم و هەرجارەی شتێکیان پێ بڵێم، چونکە نەمدەتوانی وازیان لێبهێنم، ئەوەشم بەلاوە سەیر بوو لەگەڵ هەموو ئەو کارە خراپانەی رزگار دەیکردن، کەچی لەخوێندندا زۆرباش بوو، بەڵام من تەواو دواکەوتووم و کۆنترۆڵی خۆمم لەدەستدا. ڕۆژانە دوای دەوام لەگەڵ یەکێك لەهاوڕێ کچەکانمدا دەچوومە دەرەوە بۆ ئەو شوێنەی خۆمان پێمان خۆش بوایە. فێری چەندین کاری خراپیان کردم، تاکار گەیشتە مەی خواردنەوە و جگەرەکێشان.

باوکم ڕۆژێك لێم توڕە بوو وتی بۆنی جگەرەت لێدێت، سوێندم بۆ خوارد جگەرەم نەکێشاوە، هەرچەندە ئەوکاتە جگەرەکێشێکی تەواو بووم، ئەوەی پێی دەوترێت شەرم لەنێوان من و رزگار و هاوڕێکانماندا نەما، ئەمە زیاتر وایلێکردم بەرەو کاری خراپترم بەرێت، تەنانەت شەوێك لەماڵێك دەهاتمەوە، توانای ڕۆیشتنم نەمابوو، بۆیە لەسەر شەقامەکە کەوتم و نەمتوانی هەڵبستمەوە، کاتژمێر ٣:٣٠ی شەو بوو ئەگەرچی شەوێکی سارد بوو، لەو کاتەیە پۆلیس بەشەقامەکاندا دەڕۆیشتن، کە منیان بینی یەکسەر هاتنە لام و لەگەڵ خۆیاندا بردیانم بۆ مەرکەز و دەستیان کرد بەلێپرسینەوە لێم، کە زانیان توانای قسەکردنیشم نەماوە وازیان لێم هێنا تا ڕۆژبۆوە، بۆ بەیانی پرسیاریان لێکردم کە ئیش و کارم چییە؟

منیش بەوردی هەموو شتێکم بۆ باس کردن، دەموت بەڵکو کەسێك هەبێت یارمەتیم بدات و لەم کارە خراپانە رزگارم بکات. وتی تۆ ناتوانیت بڕۆیت تا باوکت نەهێنیت، چونکە تۆ خەواڵو بوویت کە گیراویت، دەبێت وەلی ئەمرت بێت ئینجا دەتوانین بەرت بدەین، منیش هەموو گیانم دەلەرزی چۆن بە باوکم بڵێم؟ چونکە درۆم لەگەڵدا کردبوو، پێم وتبوو دەچم بۆ ماڵی هاوڕێیەکم راپۆرتمان هەیە لەوێ پێکەوە دەینووسین، ئێستا پێی بڵێم گیراوم دەبێت چیم پێ بڵێت؟ نەمدەزانی چارەیەك چۆن بدۆزمەوە؟ بەڵام دانم نا بەخۆمدا و تەلەفۆنم بۆ کرد.

هەرگیز ئەوەم بیرناچێتەوە چۆن لێم توڕە بوو کە چی دەکەم لە سجن؟ هات بۆلام لەشەرما نەمدەتوانی تەنانەت سەریش بەرز بکەمەوە، زۆر پەشیمان بووم لەوەی چۆن خۆم و باوکیشم خستە ئەم حاڵەتە ناخۆشەوە، لەدوای وەرگرتنی کەفالەت بەریاندام، لەدواییدا داوای لێبوردنێکی زۆرم لەباوکم کرد تا لێمخۆش بێت و لەماڵەوەش باسی نەکات، چونکە توانای شەرمەزاربوونم نەبوو.

ئیتر لەو ڕۆژەوە هاوڕێیەتی رزگارم نەکردو تەنانەت لەلاشی باسم نەکرد ئەو شەوە چیم بەسەرهاتووە و چۆن گیراوم، هەرئەوەندەم پێ وت ئیتر لەمڕۆوە هاوڕێیەتی یەکتر ناکەین،چونکە ناتوانین سوود بەیەکتر بگەیەنین.

کە بیردەکەمەوە چۆن کەوتمە ئەو هەڵە گەورەیە لەژیانمدا، هەمیشە لەناخەوە خەفەتی پێ دەخۆم و تەواو وێرانی کردووم، ناتوانم بۆ چرکە ساتێکیش لەبیر خۆمی بەرمەوە.

# ـــــاتووی قوتابیەک لەناودەبات

# ئایا جوانی رووخسار و بوونی سامان خۆشبەختی دروستدەكات؟



**جوانی و دەوڵەمەندی زۆرجار بوونەتە بنەمایەكی سەرەكی بۆ هاوسەرگیریی، چونكە زۆرێك لەكچان ئاواتەخوازن كوڕان ئەم دوو خاڵەیان تێدا هەبێت، ئەگەر ئەو دوو داواكارییەیان بۆنەهێننەجێ، ئەوا بە نەخێر وەڵامیان دەدەنەوە. ئەو جۆرە كچانە پێیانوایە كە خۆشبەختی لەپارە و رووخساری جوانداییە. لێرەوە دەكرێت بپرسین بۆچی كچان هەمیشە بەدوای كوڕێكدا دەگەڕێن كە یەكێك لەو دوو داواكارییەیان تێدابێت و گرنگی بەلایەنی رۆشنبیری نادەن؟ ئایا كوڕانیش بەهەمان شێوە بیردەكەنەوە؟ لەم ئاندا تاچەند هەردوو رەگەز توانیویانە لەو هەڵبژاردنەیاندا خۆشبەختی دەستەبەربكەن؟ بۆ وەرگرتنی بۆچونی هەردوو رەگەز، لەسەر ئەم تەوەرە ئەم راپۆرتەمان سازكرد...**

**ناسك سەعید - سلێمانی**

**(گەشاو عباس) وەك قوتابیەكی زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی، جۆری بیركردنەوەی كچانی نێو زانكۆمان بۆ بەیان بكات و لە پێوەند بەم باسەوە دەڵێت:** لەناو زانكۆدا ئەوەی گرنگە لای كچان ئەوەیە دەبێت ئەو كوڕەی وەك( دۆستێك ـ كەپلێك) هەڵیدەبژێرێت، لەرووخساردا جوان و سەرنجڕاكێش بێت و لەباری ئابووریشدا خاوەن ئابوورییەكی بەرز بێت، ئەمەش بۆ هەموو كەس رێناكەوێت، بەڵام كوڕانیش ئەوە بەهەند وەردەگرن كە كچان جوان و دیار بن، نموونەی ئەو كەسانە لەدوای هاوسەرگیریەكەدا دەركەوتووە كە تاچەند لێكتێگەیشتن و خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەیە و توانیویانە ببنە نموونەی خێزانی بەختەوەر.

لەبەرامبەر بۆچوونەکەی (گەشاو) دا، **(کاردۆ عومەر)یش وەك قوتابی زانکۆ، باس لەوە دەکات کە:** لەزانکۆ و پەیمانگاکاندا، کچان زۆر گرنگی بەکوڕی جوان و بەتایبەت خاوەن سەروەت و سامان دەدەن، هەمیشە ئەو کوڕانە زیاتر لەلایەن کچانەوە هاوڕێیەتی دەکرێن، هەرچەندە کوڕانیش ئەوە دەزانن کە کچان لەبەر جوانی یاخود دەوڵەمەندییە خۆیان لێنزیك دەکەنەوە، گرنگی بەکوڕێك نادەن کە رۆشنبیر یاخود زیرەك بێت، بەڵام لەبەرئەوەی کچ زیاتر سەرنجڕاکێشترە تا کوڕ، بۆیە زۆرجار ئەو کوڕانەی کە جوانن بەهەمان شێوە بەدوای کچی جواندا دەگەڕێن و پەسەندیان دەکەن.

بۆچوونەکان چ هی کچان بێ و چ کوڕانیش بێ لەمەڕ ئەم پرسە جیاوازن، هەر بۆیە (ژینۆ والی) پێچەوانەی هەردوو قوتابی (گەشاو و کاردۆ ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: مەرج نییە هەموو کچێك گرنگی بەجوانی و دەوڵەمەندی کوڕ بدات، بەپێچەوانەوە هەندێك کچ بیرکردنەوەیان جیاوازە و خۆشەویستی و بوونی متمانە لەنێوانیاندا خاڵێکی جەوهەرییە و پشتی پێدەبەستن، لەسەرەتای هاوسەرگیریدا کچان وەك نەریتێك داوای ئاڵتون و ماڵی جیا دەکەن، بەلام هاوکات داوای ئەوەیان لێدەکەن کە دڵپیس و رەزیل نەبن، کەواتە ئەوە دەزانن کە خۆشبەختی لەرووخسارو پارەدانییە و تەنانەت بەشێوەیەکی رەها ناتوانێت دروستشیان بکات.

دەڵێن کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە، ئەم پەندە **(شۆخان عەبدوڵلا)بۆ پاڵپشتی قسەکانی خۆی دەیهێنێتەوە و پێیوایە:** ئەو خێزانانەی دەوڵەمەندن زیاتر خۆشبەخترن لەخێزانە هەژارەکان، چونکە بەدەست نەبوونیەوە گیرۆدە نەبوون و گرفتەکانی ژیان نارەحەتیان ناکات، بەڵام خێزانە هەژارەکان زۆرجار لەبەر گرفت و ناخۆشییەکان بیر لەژیانی خۆیان ناکەنەوە، تەنانەت بەویستی خۆیان خواردن ناخۆن و پۆشاکی جوان ناکڕن، بۆیە کچانیش هەوڵ دەدەن شوو بەکوڕی دەوڵەمەند بکەن، ئینجا ئەگەر جوانیش بێت باشترە. زۆرێك لەکچی جوان دەبینین شووی بەکەسێك کردووە کە وەك خۆی نییە و هاوکوفی ئەو نییە، بەڵام لەبەرئەوەی سەروەت و سامانی هەیە، قبوڵی دەکات.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە لەئێستادا لەهاوسەرگیریدا وەك مۆدێلێکی لێهاتووە کە دەبێت لانی کەم کوڕانماڵێکی باش و ئاڵتونێکی زۆر بۆ کچان بکەن، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە ئەگەر توانای دارایی باش نەبێت چۆن دەتوانێت لەدواییدا ژیانێکی ئاسوودە فەراهەم بکات، لەگەڵ ئەمانەشدا مەرج نییە هەموو کچێك بەوشێوەیە بێت، بەڵکو گرنگی بەلایەنی رۆشنبیری و ئاکاری کوڕەکە دەدات و هەوڵدەدات لەکاتی پێکەوەنانی خێزانەکەیاندا هاوکارێکی باش بێت، چونکە تێدەگات لەوەی کە لەدواییدا ئەوە خۆیانن تووشی کێشەی دارایی دەبنەوە و ناتوانن بەئاسوودەیی بژین.

ئەم بیرکردنەوانە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە لایەنی رەوشت و ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری بکرێتە پێوەر بۆ هاوسەرگیری، نەك لایەنی ماددە و رووخسار، چونکە بەتێپەڕبوونی کات جوانی رووخسار بەرەو گۆڕان و شێوان و تێکچوون دەچێت و پێدەچێت سەروەت و سامانیش بەردەوام نەبێت، ئەوەی دەمێنێتەوە خۆشەویستی و راستگۆیی و جوانییەکانی دیکەی ژیانی نێوان ئەو دوو کەسەیە، بۆیە گرنگە بەبیرکردنەوەیەکەی دیکە لەم مەسەلەیە بڕوانین و بیر لەداهاتوو بکەینەوە.





# هەڵوەرینی گوڵێک لەناو گۆمێکی لیخندا..

(ع): کچێکی هەرزەکاری جوانبوو، باوکی فەرمانبەربوو لەیەکێك لە فەرمانگاکاندا و دایکیشی مامۆستابوو، لەخێزانێکی تابلێی رێکوپێك و باشدا دەژیا، کە تەمەنی گەیشتە نزیکەی چواردە ساڵ بەهۆی برادەرێکیەوە دوکاندارێکی فرۆشتنی ماکیژی ئافرەتانی ناسی. لێرەوە چیرۆکەکە دەستپیدەکات. ئیتر با خۆی بەسەرهاتەکەی باس بکات، (ع) بەمشێوەیە قسەی کرد و وتی:

سەرەتا وەك هەموو كچێكی سەرئەم زەمینە حەزو ئارەزووەكانم دەبزواو دەمویست وەك هەموو كچەكانی تری هاوتەمەنم لەگەڕەك و قوتابخانە ماكیاژو جلوبەرگی جوان لەبەر بكەم و تاموچێژی گەنجێتی ببینم.

ڕۆژێكیان كچێكی دراوسێمان كەباوكی نەمابوو زۆر هەژاریش بوون، دایكی زۆر هاوڕێی دایكم بوو، كچەكەش لەگەڵ دایكیدا دەهاتە ماڵمان زۆر خۆی لەمن نزیك دەكردەوە، هەرچەندە دراوسێكانی تر ئاگاداریان كردمەوە كەماڵی ئەوكچە ناوبانگی كۆمەڵایتیان باش نییە، بەڵام من بەزەیم بەو بە كچەكەدا دەهاتەوەو بەیەكەوە دەچووین بۆقوتابخانە. زۆرجار دەهات بەیەكەوە لەبەر دەرگا دادەنیشتین یان بەیەكەوە دەچووین بۆ پاركەكان و بازاڕ و كچەكەی هاوڕێم بەمنی وت دوكاندارێكی ماكیاژو جلوبەرگی ئافرەتان هەیە كە ناسیاومانە بابچین شتومەك لەو بكڕین. ئیتر هەندێكجار بەیەكەوە دەچووین بۆلای پیاوەكە، زۆر زمان شیرین و قسە خۆش بوو، تەمەنی نزیكەی (٢٠) ساڵ دەبوو لەگەڵ كچەكەی برادەرمدا قسەی خۆشیان دەكرد و ماكیاژ و جلوبەرگی بەهەرزان پێشكەش دەكرد و هەندێكجار باسی سێكسیان دەكرد و تەنانەت جارهەبوو پیاوەكە دەستبازی و ماچی كچەكەی دەكرد و كچەكە هیچ شەرمی نەدەكرد، كەئەم جۆرە شتانەیدەكرد. بەپێكەنینەوە دەگەڕاینەوە، بەمنی دەوت ژیان هەروایە و دەبێت من ئەو كارانە لەگەڵ ئەوپیاوەدا بكەم لەبەر ئەوەی كە ماكیاژو جلوبەرگم بەبەلاش پێشكەش دەكات. هانی منیشی دەدا بۆ ئەوشتانە و منیش تەمەنم هەرزەكار بوو زۆرریش لەتەلەفیزیۆندا و بەتایبەتی لەتەمسیلە دۆبلاژكراوەكاندا ئەو شتانەم دیبوو، حەزم دەكرد تامی بكەم، بەڵام خۆم رادەگرت. تا لەئەنجامدا ڕۆژێكیان كابرای دوكاندار كەوتە قسە لەگەڵمدا و قەناعەتی پێكردم كاری سێكسی لەگەڵدا بكەم بەرامبەر بەوەی كە ماكیاژی گرانبەهام پێشكەش بكات. سەرەتا رازی نەبووم، بەڵام دواتر لەبەر ئەوەی كە ماكیاژەكانی زۆر جوان بوون قەناعەتم پێكرا لەلایەن ئەو پیاوە تاوانبارە و كچەكەی دراوسێمان وەك شەیتان منیان خستە ناو كاری سێكسییەوە و ڕۆژانە لەگەڵ ئەو كچەدا دەڕۆیشتم بەناوی ئەوەی كە بۆماڵی ئەوان دەچم، بەڵام لەوێ خۆم دەگۆڕی و دەچووین بۆ بازاڕ بۆلای ئەو دوكاندارە، تا لەئەنجامدا گوڵی كچێنیم هەڵوەڕی و لەڕێگەی راست لامدا. ڕۆژانە لەبەرامبەر كاری سێكسی پارە و ماكیاژی دەدامێ و پیاوە تاوانبارەكە وێنەمی بەمۆبایل دەگرت و دەیوت ئەو وێنانە بەكەس پیشان نادەم تەنیا بۆ خۆشی خۆمان دەیگرم، بەڵام دواتر بیستم كەوێنەكەم بەبلوتۆس بڵاوكراوەتەوە. دوای ماوەیەك كابرای دوكاندار منی دەبرد بۆ لای چەندین پیاوی تر، هەرجارەو چەند برادەرێكی خۆی دەهێنا بۆ ئەوەی كاری سێكسیم لەگەڵدا بكەن. پاش ماوەیەك ماڵەوە بەم كارەمیان زانی، ویستیان رزگارم بكەن لەم كارە، بۆیە ماڵەكەمان بردە گەڕەكێكی تری شاری هەولێر. باوكم، من و دایكمی ناچاركرد كەپێوەندی لەگەڵ ئەوماڵەدا بپچڕێنین كە منیان تووشی ئەم كارە كردبوو. دوای ماوەی كەمتر لەساڵێك باوكم كۆچی دوایی كرد، باری ئابووریمان بەتەواوی شێوا، دایكیشم لەبری ئەوەی هاوكاریمان بكات، هانی دەدام بۆ ئەوەی پارە پەیدابكەم، چونكە براكانم لەمن بچووكتر بوون. كەوتە سەردانكردنی ماڵی ئەو كچەی كە پێشتر سەردانم كردبوو، تا لەئەنجامدا كەوتمەوە ناو كاری سێكسی، بەڵام ئەمجارەیان زۆر بەشێوەیەكی ترسناك، چونكە دایكیشم هانی دەدام بۆ ئەم كارە ناپەسەندە. ئیتر منیش بۆم دەركەوت كەتەواو ناوبانگم زڕاوەو بڕیارمدا كە لەگەڵ چەند كەسێكی تریشدا پێوەندی سێكسی ببەستم و ئەو پیاوانەی كە سەردانم دەكردن جۆراوجۆر بوون، لەوانە یەكێكیان دوكانی جلوبەرگی ئافرەتانی هەبوو لەناو بازاڕدا ئەوەی تریان چاككەرەوەی ئۆتۆمبێل بوو، واتە فیتەر بوو، یەكێكی تریان وێنەگر بوو. ئەمانە هەموو بەمن فێربوون و كاری ڕۆژانەی من بوو بەكاری سێكسی. بەتەواوی بوومە ئافرەتێكی لەشفرۆش ڕۆژانە پیاوان سەردانی ماڵەوەیان دەكردین، تا لەئەنجامدا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر كراین. ئێستا من تاوانبارم، چونكە لەشفرۆشم هەردوو دنیام دۆڕاند و هیچ بوونێك لە ژیانمدا نییە، چونكە ئافرەتی لەشفرۆش زۆر لە كاڵایەكی بێنرخ كەمترە، لەبەر ئەوەی كاڵا تەنیا یەك كەس دەیكڕێت، بەڵام لەبەرامبەر پارەیەكی كەم دا هەموو پیاوێك دەتوانێت بمانبات و بمانكڕێت و وەك ئاژەڵێكی دڕندە مامەڵەمان لەگەڵدا بكات.

# چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوانە بکەین کە لەنێو خێزاندا دوچاری دڵەڕاوکێ و وەسواسی هاتوون؟

**وەسواسی یان بەکوردییەکەی دڵەڕاوکێ وەك زۆربەی نەخۆشییە دەروونییەکانی تر چەندین گریمانەو لێکدانەوەی بۆ کراوە، هەندێك لە زاناکان لەسەر ئەو بڕوایەن وەسواسی لە ڕێگەی لاسایکردنەوە لە باوانەوە بۆ وەچەکانیان دەگوازرێتەوە، بەڵگەشیان ئەوەیە کە زۆربەی ئەندامانی ئەو جۆرە خێزانانە تووشی مەراق و وەسواسی دەبن. زۆرجاریش هۆکاری بۆماوەیی ڕۆڵی دەبێ لە گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە. هەندێکیش لە زانایانیش هۆکاری ئەم نەخۆشییەیان پابەندی پێکهاتەی دەروونی تاکەکان کردوون. بەهەرحاڵ، هۆکارەکان هەرچییەك بن، بوونی کەسانێکی وەها لەناو خێزاندا کێشەیەکی ئاڵۆزە بۆ ئەندامانی ئەو خێزانە. لەم ڕیپۆرتاژەدا هەوڵدەدەین ئەم کێشەیە بخەینە بەر باس...**

سەرتا تریفە ئامانج تەمەنی ١٦ساڵەو لەو بارەیەوە دەڵێت: کە منداڵ بووم دایکم ئەم گرفتەی هەبوو، تا کۆتایی نان خواردن چەندین جار لەسەر سفرە دەمانێرێتەوە بۆ دەست شۆرین، چونکە ناتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە من و خوشك و براکانم دەستمان خاوێن بێت. لەگەڵ ئەوەش هەمیشە کێشەی هەیە لەگەڵ باوکم لەسەر پاك و خاوێنی. ئەگەر چی چەندە خەریکی ماڵ و خۆمان بین ئەو بەهیچ جۆرێك لێمان ڕازیی نابێت.


ئەم کێشەیەی دایکم زۆربەمانی بێزارکردووە، خوشکە گەورەکەشم هەمان کێشەی دایکمی هەیە زۆرجار پێیدەڵێین کەئەمە گرفتە هەوڵبدات لە خۆی بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت و هەمیشە لە گوماندایە لەو شتانەی کە بەریدەکەوێت ئیتر هەرشتێك بێت.

گرنگیدانی زۆر بەتەندروستیی خوود یەکێکی ترە لە نیشانەکانی وەسوەسیی. زور چوونە لای دکتۆر و زۆر هاوارکردن لە ئازار هەرچەندە هەوڵبدرێت و بەوەی بگەیەنیت کە ئازارەکە ئەوەندەش نییە، بەڵام ئەو دەیسەپێنێ بەسەر خۆیدا کە نەخۆشێکی زۆر بەئازارە.

ئاری ئەبوبەکر تەمەن ٢٣ ساڵە و ماوەی چەند مانگێکە نەشتەرگەریی کردووە. بەڵام هەستێکی زۆر ناخۆشیی تووش بووە و دەڵێت «لە دوایی نەشتەرگەریەکەمەوە وا هەست دەکەم، ئازارەکەم زیاد دەکات چەندین جار سەردانی دکتۆرم کردووە، بەڵام دڵنیایە لە باشی تەندروستیم. لەم ماوەیەدا چوومە لای دکتۆرێکی دەروونی ئەو پێووتم کە تووشی دەردی واسواسیی بووم و هیچ گرفتێکی ترم نییە. ماوەیەك باش دەبمەوە دواتر وام لێدێتەوە ناتوانم خۆم لەو گرفتە بهێنمە دەرەوە، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە بیر لە نەشتەرگەرییەکە دەکەمەوە، چونکە پێش ئەوەی ئەو نەشتەرگەرییە بکەم زۆر دەترسام لە نەشتەرگەری، هەربۆیە تووشی گرفتی دەروونیش بومەوە، ئەگینا پێشتر باوەڕم بەوە نەبوو کە تووشی دڵەڕاوکێ و واسواسیی ببم.

هەندێکجار کارەساتە دڵ تەزێنەکانیش هۆکارێکن بۆ ئەوەی مرۆڤ تووشی واسواسیی بکەن لە ڕێگەگرتن و بە پاساوی ڕوونەدانەوەی ئەو ڕووداوە، بۆیە دوای لەدەستدانی ئازیزێکیان هەمیشە لە کەسەکانی تر دەپرسنەوە، بەتایبەت دایکان و باوکان. لەو بارەیەوە مەریەم محەمەد کە پێشتر دوو منداڵی مردووە دەڵێت: لەدوای لەدەست دانی شەهێنی کچم و سەروەری کوڕم کە باکارەساتی ئۆتۆمبێل لە ناوچوون، ئیتر لەو ساوە تا ئێستا توانای ئۆقرە گرتنم نەماوە، بە ڕۆژ بەو حاڵەوە دەمێنمەوە تا شەوانە هەمووان دێنەوە ناو ماڵ. هەر جارێك کە لەدەرگا دەدرێت، وا هەست دەکەم هەواڵێکی ناخۆشم پێدەگات، بۆیە لە جێگەی خۆم ڕادەچنم و دەمودەست ئۆقرەم لەبەر دەبڕێت، ئاخر ئازارێکی هێندە بە سوێم چەشتووە نامەوێت جارێکی تر دووبارە بێتەوە. بۆیە هەمیشە داوا لە منداڵەکان دەکەم کە ئەوەندە نەچن بۆ شوێنی دوور کە دەشچن هەتا دێنەوە ئیتر من شێت دەبم سەد تەلەفۆن دەکەم، سەد پرسیارم لا دروست دەبێت. بەهۆی ئەم گرفتە دەروونییەوە منداڵەکان چەندین دکتۆریان پێکردووم ماوەیەك باش دەبم بەڵام دوای ماوەیەك دیسان واملێدێتەوە. تەواوی منداڵەکانم بێزار کردووە بەم گرفتەمەوە.

پسپۆرانی تەندروستی ڕێنمایی خێزانەکان دەکەن لەوەی زۆر بەباشیی ئاگایان لەباری دەروونی ئەو کەسانە بێت کە تووشی وەسواسیی بوونە و ئاگاداریان دەکەنەوە کە بەهیچ جۆرێك هەوڵنەدرێت گاڵتەیان پێبکرێت و دڵیان ڕابگیرێت و هیچ کات بەتەنیا بەجێیان نەهێڵن، چونکە تا بەتەنیا بن زیاتر فشاری دەروونی زیاتریان بۆ دێت. هەر لەو بارەیەوە پزیشکی شارەزا



لە بواری نەخۆشییە دەروونییەکان شەهلا فەتاح ئاگاداری ئەو خێزانانە دەکاتەوە کە کەسێکیان هەیە دووچاری دڵەڕاوکێ و وەسواسی بووینە کە: باشترین چارەسەر بۆ ئەو جۆرە کەسانە ئەوەیە کە بە زووترین کات سەردانی پزیشکی پسپۆریان پێبکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووترە بتوانرێ دەستنیشانی نەخۆشییەکەیان بۆ بکرێت و سەرچاوە و هۆی نەخۆشییەکەیان بۆ بدۆزرێتەوە، تا وەکو بتوانرێ چارەسەری پێویست و وردی بۆ دابنرێت. چونکە جاری وا هەیە دڵەڕاوکێیەکە سووک و سادەیە پێویستی تەنیا بە چەند ڕێنماییەکی پزیشکی هەیە، جاری واش هەیە ئەگەر زوو چارەسەری بۆ نەکرێت ڕەنگە لێی پیس بکات و تەواو حاڵی تێکبدات و پێویستی بە خەواندن هەبێت لە نەخۆشخانە و بخرێتە ژێرچاودێری و چارەسەری پزیشکی درێژخایەن.

# بوونی منداڵ تاچەند پێویستی بەراوێژ هەیە؟

**کاتێك کچ و کوڕێك پێکەوە بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن، هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بڕیاری ئەوەش دەدات لەداهاتوودا چەند منداڵیان هەبێت و بەرنامەڕێژی بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی دەکەن، بەڵام مەرج نییە لەلای هەردووکیان هەمان بیرکردنەوەو بۆچوون هەبێت، لەداهاتوودا دەبێت بڕیاری لەسەر بدەن. هەندێکجار روودەدات لەسەر ئەو بڕیارەش رێك ناکەون و بۆچوونی یەکێکیان پەسەند نەکرێت، لێرەدا دەکرێت بپرسین ئەو هاوسەرەی کە رای لەسەر منداڵی زۆری نییە چۆن دەتوانێت بچێتە ژێر بۆچوونی هاوسەرەکەی دیکە و کاردانەوەی لەپەروەردە کردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیدا چۆن دەبێت: بۆ ئەم تەوەرە بۆچوونی چەند کەسێك وەردەگرین کە لەسەرەتای هاوسەریدان یاخود بەو قۆناغەدا تێپەریون:**

**مامۆستا خالید عەبدوڵا:** رۆژانە ئەوەندە لەگەڵ منداڵدا مامەڵە دەکەم وای لێکردووم نەتوانم وەك پێویست لەگەڵ منداڵەکانی خۆشمدا وەك هاوڕێ بم.

**مامۆستا خالید عەبدوڵا، وەك مامۆستایەکی قۆناغی بنەڕەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:** لەسەرەتای دامەزراندنم لە قوتابخانەدا وەك پیشەی مامۆستایەتی وای لێکردم کە منداڵم خۆش بوێت، بەڵام بەهۆی زیاتر ماندووبونم بەکارەکەمەوە ئارەزوەکەم پێچەوانەبووەوە، بۆیە لەژیانی خێزانیمدا لەگەڵ هاوسەرەکەم هەمان بڕیارماندا کە نابێت لەدوو منداڵ زیاترمان ببێت، لەبەرئەوەی هەم لەرووی پەروەردەکردن و دواتر لەرووی دارایی و پێگەیاندنەوە ئەرکێکی قورسە، رۆژانە ئەوەندە لەگەڵ منداڵدا مامەڵە دەکەم وای لێکردووم نەتوانم وەك پێویست لەگەڵ منداڵەکانی خۆشمدا وەك هاوڕێ بم.

**بەهرە کەمال:** هاوسەرەکەم دەزانێت هەموو ژیانی من لەگەڵ منداڵدایە، ئیتر چۆن رێگەم پێنادات بەحەزی خۆم منداڵم هەبێت.

**بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی مامۆستا خالیدەوە، بەهرە کەمال شارەزا لەبواری پەروەردەی منداڵ لەباخچەی ساوایان، لەم لایەنەوە دەڵێت:** ماوەی ٢٣ ساڵە لەگەڵ منداڵدا دەژیم، رۆژانە هەوڵ دەدەم بەرنامەی تازە و شێوازی پەروەردەی نوێیان بۆ دابنێم، هاوکات هاوسەرەکەشم ئەوە دەزانێت هەموو ژیانی من لەگەڵ منداڵدایە، ئیتر چۆن رێگەم پێنادات بەحەزی خۆم منداڵمان هەبێت، هەرچەندە ماندووبوونێکی زیاتری دەوێت، بەڵام من دوای ئەوەی گفتوگۆم لەگەڵ مێردەکەمدا کرد زانی بەسرووشت منداڵم خۆش دەوێت و رێگرنەبووە لەسەر منداڵ زۆری لەماڵەکەمدا، ئەگەرچی هاوکاریشم نییە لەزۆربەی کاتدا، بەڵام من وەك پیشەکەم دەتوانم بەرنامە بۆ منداڵەکانم دابنێم.

ئەگەرچی ئەو کوڕو کچانەی لەسەرەتای ئەوەدان پێکەوە زەواج بکەن، چۆن دەتوانن رای یەکتر قبوڵ بکەن لەسەر ئەوەی لەداهاتوودا خاوەنی چەند منداڵ بن:

**شۆخی جەلال:** باسکردن لەسەر مەسەلەی بوون یان نەبوونی منداڵ لەقۆناغی دەستگیرانیدا قسەیەکی سەرەتایی و پێشوەختە.

**شۆخی جەلال، دەڵێت:** من ئێستا لەقۆناغی دەستگیرانیدام، مەسەلەی بوونی منداڵ یەکەم بابەتبوو کەووتوێژمان لەسەر کرد، چونکە لەکاتی ئێستا چەندین هۆکار هەیە بۆئەوەی رێگربن لەمنداڵ زۆری لەخێزانەکاندا، لەوانە گرفتی شوێنی نیشتەجێبوون و دارایی و چۆنییەتی بەخێوکردن و چەندان گرفتی دیکە، ئەمانە وای لێکردین هەردووکمان پێکەوە ئەو بڕیارە بدەین کە ئەگەر خوای گەورە پێی بەخشین نابێت لەدوو منداڵ زیاترمان هەبێت، بەڵام لەوانەیە ئەمە هەر قسەی سەرەتاییمان بێت و لەدواییدا بیگۆڕین، یان باشبوونی باری داراییمان وامان لێبکات خۆمان حەزمان لێیێ بێت یان دەوروبەر کاریگەریان بەسەرمانەوە هەبێت.

لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەی شۆخیدا، لەوانەیە بۆچوونێکی دیکەش هەبێت ئەگەر لەکاتێکدا لەو خێزانەدا منداڵ هەربوونی نەبێت؟ لەم خێزانانەدا کاردانەوەی هەردوو هاوسەر چۆن دەبن لەسەر یەکتر؟

**ئاراس مستەفا:** ناتوانرێت پێش وەخت قسە لەسەر هیچ شتێك بکرێت تا دەرەنجامەکەی نەبینرێت

**ئاراس مستەفا، چالاك لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:** ناتوانرێت پێش وەخت قسە لەسەر هیچ شتێك بکرێت تا دەرەنجامەکەی نەبینرێت، چونکە خۆم نموونەیەك بووم لەو کەسانەی هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە خوای گەورە منداڵمان پێنەبەخشێت، لەبەر ئەوەی هەردووکمان منداڵمان زۆر خۆش دەوێت، تەنانەت بڕیاری ئەوەمان دابوو تا چەند توانای



گوڵان
ژمارە (٨١١)
٢٠١٠/١٢/٢٧

بەخێوکردن و پەروەردەکردنێکی باشمان هەبێت، با منداڵمان ببێت، بەڵام لەئێستادا بەو جۆرە نییە. لەکاتی بوونی منداڵدا هەردووکیان دەبێت بچنە ژێر رکێفی پەروەردە و پێگەیاندنی ئەو منداڵەوە نەك یەکێکیان ببێتە قوربانی منداڵ و ئەوی تریان لەهەموو شتێك بێباك بێت.


توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان، خوێندنەوە بۆ ئەو حاڵەتە دەکەن کە هەردوو هاوسەر تاچەند لەبەرژەوەندی منداڵەکانیان بیردەکەنەوە ئەگەر لەسەر بوونی منداڵ رێك بکەون، لەلایەکی ترەوە ئەگەر کۆك نەبوون و منداڵی تر هاتە بوون، چۆن بەرنامەی بۆ دادەنێن:

**چنور بەکر:** هەندێك خێزان جگەلەوەی لەسەر ژمارەی منداڵ گرفتیان هەیە لەسەر جیاوازی رەگەزیش هەمان گرفتیان هەیە

**خاتوو (چنور بەکر) توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت:** لەخێزانی کۆمەڵگەی کوردیدا، پێش هاوسەرگیری خەمی نەبوونی منداڵ دەخۆن، پێیانوایە بەنەبوونی منداڵ خۆشبەختی بۆ خێزان دروست نابێت، لەبەرامبەر ئەوەشدا لەدوای هاوسەرگیری گرفتیان لەسەر زۆری منداڵە؟ لەهەردوو حاڵەتەکەدا دەکەوێتە سەرئاستی تێگەیشتنی ئەو دوو کەسە تاچەند دەتوانن لەو خێزانەدا ئاسودە دەبن

ئەگەر منداڵ بوونی هەبێت یان نەبێت. منداڵ وەك بەرهەمی ژیانی هاوسەرێتی سەیر دەکرێت، بەدەر لەوەی هەندێك خێزان جگەلەوەی لەسەر ژمارەی منداڵ گرفتیان هەیە لەسەر جیاوازی رەگەزیش هەمان گرفتیان هەیە.

منداڵ پێویستی بە ژینگەیەکی لەبار هەیە تا تاکێکی بەسوودی لێدەربچێت، پەروەردەکردن و پێگەیاندنی هەروا کارێکی ئاسان نییە. نابێت ئەگەر یەکێکیان رازی نەبوو لەسەر منداڵی زیاتر، ئیتر پشتگوێی بخات و ئەرکەکە بخاتە سەر شانی ئەوی تر، چونکە داهاتووی منداڵ، داهاتووی ئەو خێزانەیە.



# کێشەکانی کچان لەت...

**قۆناغی هەرزەکاری بەقۆناغێکی تایبەتی دادەنرێت لەلای هەموو ئادەمیزادێك، چونکە لەڕووی بایلۆژیەوە کۆمەڵێك گۆڕانکاری زۆر بەسەر ژیانی تاکدا ڕوودەدات کە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرەوپێشچوونی کەسایەتی و کۆمەڵێك دەرئەنجامی دەروونی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دروست دەبێت و لەبەر ئەمەش لەم قۆناغەدا زۆرترین کێشە لەژیانی تاکدا ڕوودەدات، ئەوەی شایەنی وتەنە ئەرکی منە لەم ڕاپۆرتەدا تیشك بخەمە سەر کێشەکانی ئافرەتان لە تەمەنی هەرزەکاریدا.**

**خاتوو هیڤار محێدین:** ئەگەر کۆمەڵگە بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا لەقۆناغی هەرزەکاریدا بکات و ڕۆشنبری تەواویان پێبەخشێت، ئەوا هیچ جۆرە کێشەیەك دروست نابێت

**خاتوو هیڤار محێدین وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی:** ئاماژەی بەوەدا کە نەبوونی ڕۆشنبیری گشتی هۆکارێکی سەرەکیە لە دروستبوونی کێشەکان لەتەمەنی هەرزەکاریدا، چونکە تەمەنی هەرزەکاری لەژیانی مرۆڤدا گرنگی خۆی هەیە، ئەگەربێت دایك و باوکەکان بەشێوەیەکی زۆر تەندروست مامەڵە لەگەڵ منداڵە کچەکانیاندا نەکەن، ئەوا گەلێك کێشەیان بۆ دروست دەبێت و کۆمەڵێك دەرئەنجامی سلبی لەدوای خۆی بەجێدەهیڵێت، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا لەم قۆناغەدابکات بۆئەوەی کە کێشە دروست نەبێت، واتە ئەگەر تاکەکان ڕۆشنبیری تەواویان هەبێت، ئەوا لەم قۆناغەدا هیچ جۆرە کێشەیەك دروست نابێت

لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا کچان لە قۆناغی هەرزەکاریدا تووشی کێشەدەبن، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری کێشەکان لەم قۆناغەدا پەیوەستە بەلایەنی بایلۆژیەوە، چونکە گۆڕانکاری لە لەشی مرۆڤدا ڕوودەدات.

**خاتوو مەهناز عەلی وەك مامۆستایەك:**
ڕای جیاوازی هەبوو بەوەی کەکێشەی کچان لەقۆناغی هەرزەکاریدا زیاتر پێوەندی بەخودی تاکەوە هەبێ، بەڵکو کۆمەڵگەو خێزان ناتوانن ڕێگربن لەهەموو کێشەکان، لەبەر ئەوەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا هەیە کە کۆمەڵگەو خێزانیان خاوەنی ڕۆشنبیریەکی بەهێزن، کەچی کچانیان لەم قۆناغەی تەمەندا تووشی گرفت دەبن، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری کێشەکان لەم قۆناغەدا پەیوەستە بەلایەنی بایلۆژییەوە، چونکە گۆڕانکاری لە لەشی مرۆڤدا ڕوودەدات.

خاتوو نڤین عەلی زۆربەی ئەو کچانەی کەتووشی کێشە دەبن دانیشتووی گەڕەکە میللیەکانن و ناوچە



# ـــــەمەنی هەرزەکاریدا

هەژارنشینەکانن، چونکە خێزانەکانیان هیچ جۆرە رۆشنبیرییەکیان نییە

**خاتوو نڤین عەلی:** ئاماژەی بەوەدا مەرج نییە کچ لەقۆناغێکی دیاریکراوی تەمەندا تووشی کێشە ببێت، زۆربەی ئەو کچانەی کەتووشی کێشە دەبن دانیشتووی گەڕەکە میللیەکانن و ناوچە هەژارنشینەکانن، لەبەر ئەوەی کە هیچ جۆرە شارەزاییەکیان نییە لەبارەی رەوتی ژیانەوە لەخێزانەکانیاندا هەموو جۆرە شتێکیان لێ قەدەغەکراوە، کاتێك کە د ێنە نا و

کۆمەڵگاوە تووشی کێشەو گیروگرفت دەبن، لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم نەبوونی رۆشنبیری خێزان هۆکاری سەرەکی درووستبوونی هەموو گیروگرفتەکانە.

خاتوو نیان عەبدولواحید هۆکاری سەرەکی کێشەکانی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیا

**خاتوو نیان عەبدولواحید وەك رابەری پەروەردەیی وای دەبینی کە:** بەشێکی زۆری ئەوکچانەی کەتووشی کێشە دەبن زیاتر لەقۆناغی تەمەنی هەرزەکاریدان، بەڵام هەشیانە لەسەروو ئەوتەمەنەوەیە، بەڵام تووشی کێشەدەبێت، بەشێکی هەرەزۆری کچان کەتووشی گیروگرفت دەبن لەقۆناغی هەرزەکاریدا بەهۆی بەربڵاوی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیاوەیە، ناوبراو تەکنۆلۆژیای بە هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی کێشەکان تاوانبار دەکرد لەبەر ئەوەی کە لەناو زۆربەی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتداو کۆمەڵگەی ئێمە بەتایبەتی تائێستا نەتوانراوە سوود لەلایەنە ئیجابییەکانی تەکنۆلۆژیا ببینرێت و تەنیا بۆمەبەستی سلبی بەکاردەهێنرێت، رۆژانە سەدەها کچ وێنەیان لەناو ئامێرە تەکنۆلۆژیاکاندا بڵاودەکرێتەوە، واتە ئەوەندەی تەکنۆلۆژیا کێشەی بۆکچان دروستکردووە، ئەوەندە سوودی نەبووە، ئەوەتا رێژەیەکی زۆری ئەو کچانەی کە تووشی کاری هەڵە بوونە، لە ئەنجامی بوونی پێوەندی نادروستیان لەگەڵ کوڕان لەرێگەی مۆبایل یان ئینتەرنێتەوە بووە.



**مرۆڤ کاتێك ناچار دەبێ بڕیارێکی قورس بدات، حەتمەن هۆکارێکی راستەوخۆ و پاڵنەرێکی بەهێز لەپشت ئەو بڕیارەوە دەبێت، ئەگینا کەسێك بڕیار بدات واز لە وەزیفە بێنێ، وەك ئەوەی (لەیلا) کردی، ئایا هەر لە خۆڕا و بە هۆیەکی بچووکەوە ئەم کارە دەکات؟؟ بێگومان وەڵامەکەشی نەخێرە، دە کەوایە با بزانین چ بارودۆخێك بوو وای لە (لەیلا) کرد ئەو بڕیارە بدات. ئەم ریپۆرتاژە گێڕانەوەی بەسەرهاتی وەزیفی ئافرەتێکە کە فشاری زۆر و تەماحی بەرپرسەکەی وای لێدەکات بڕیار بدات چیتر نەچێتەوە بەلای وەزیفەدا. هەر لە سەرەتاشەوە جڵەوی گێڕانەوە دەدەینە دەست کچێکی هاوڕێی خۆی بە ناوی (هێڤی) و دواتر (لەیلا) خۆشی بەشێکی بەسەرهاتەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە. جا با بزانین کێشەی ئەو چی بوو؟؟**

### سەرەتای دامەزراندن

وەرز بەهارێکی فێنك و رەنگین دەبێ (لەیلا) یەکەم رۆژی بوو لە فەرمانگەکەی دەوام بکات، بەر لەوەی بچێتە دەوامەکەی لە دڵی خۆیدا دەیوت: دەبێ خۆم زۆر قەشەنگ و جوان بکەم. با لە یەکەم رۆژەوە رەخنەم لێنەگرن، ئەوە فەرمانگەیە و خەڵك قسە دەکات. دەمێك لە بەردەم ئاوێنەکە خەریکی خۆی بوو. کە تەواو بوو ناوی خوای لێهێنا رۆیشت. کاتێك وەك فەرمانبەرێکی تازە گەیشتە فەرمانگەکەی یەکەم کەسێك لە فەرمانبەرەکان کە چاوی پێیکەوت (هێڤی) بوو. (هێڤی) کە دیقەتی دایە، لەجێی خۆیەوە چاوی ئەبڵق بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: چما خودا مرۆڤی ئەوها جوانیشی دروست کردووە؟! (هێڤی) ئەو ساتانە بەمجۆرە دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: یەکەم جار کە پێی نایە ناو فەرمانگەکەمان چاوم پێیکەوت. بەڕاستیش زۆر سەرنجراکێش بوو، سەرەتاش وامزانی خاوەن مامەڵەیە ئیشێکی کەوتۆتە لامان، حەزم دەکرد ئیشەکەی بکەوێتە لای من بۆی بکەم. کە هاتە ژوورەوە بە رێکەوت بەرەو رووی من هات و دوای سڵاو کردن پرسیاری لە من کرد و وتی: بەڕێوەبەری گشتی لە کام ژوورە؟ منیش وتم: کارت پێیەتی؟ وتی: لێرە دامەزراوم و فەرمانی دامەزراندنەکەمی پێنیشان دەدەم. وتم: بەدوامدا وەرە. ئیدی خۆم لەگەڵی چووم. بردمە ژووری بەڕێوەبەری گشتی. بە خۆم هاتمە دەرەوە. نزیکەی نیو کاتژمێر لە ژووری بەڕێوەبەری گشتی گیر بوو. من دەمزانی هۆی گیر بوونەکەی جەنابی بەڕێوەبەری گشتییە و جوانی ئەم شۆخە سەرنجی راکێشاوە ئەگینا خۆ پێناساندن ئەوەندەی دەوێ؟؟ ئینجا هاتە دەرەوە. من هەر لە نزیك ژووری بەڕێوەبەر راوەستابووم. چاوێکی بەملاو بەولادا گێڕا و دووبارە منی بەدی کردەوە و هاتەوە لای من. پاش ئەوەی خۆی پێناساندم، سوپاسی کردم و شوێنی کارکردنی خۆی هەر وەك بەڕێوەبەر پێی وتبوو. بەڕێکەوت ژوورەکەی تەنیشتم دەرچوو، کە سەر بە هۆبەکەی من بوو. ئەو رۆژە (لەیلا) دڵی زۆر خۆش بوو، بەڕادەیەك هەر کەسێ بیدیتبایە بەڕوونی ئەو خۆشیی و گەشییەی لە رووخساریدا بەدیدەکرد. من بەرپرسی بەشەکەی ئەویش بووم، ئەو ژوورەی کە ئەو دەبوایە کاری تێدا بکات فەرمانبەرێکی پیاوی لێبوو کە ناوی



(دڵشـــاد) بوو، من دەمزانـــی چەند ژنانییە و چەنـــد حەزی لێیە ژن و کچ لە دەور و خولیدا بن. بۆیە پێشـــبینیم دەکرد بە چوونی (لەیلا) بۆ ئـــەو ژوورە لە رۆژانی دواتر کێشـــە پەیدا ببێت. (لەیلا)م بانگی ژوورەکەم کرد کارەکەیم پێڕاسپارد و ئاگاداریشم کردەوە کە تا پێیدەکرێت تەنیا خەریکی کاری خۆی بێت و وریای قسە و قسـەڵۆك و شتی وا بێت. دوو هەفتە بەسەر دامەزراندنی (لەیـــلا)دا ڕەتببوو و نێوان من و (لەیلا) زۆر خـــۆش و بەهێز بوو. (لەیلا) لەو ماوە کورتەدا زۆر هۆگری من ببوو، هەردووکمان وەك دوو خوشك لەگەڵ یەك مامەڵەمان دەکرد. کچێکی ئیشـــکەر و چاپووك بوو، حەزمدەکرد بەبێ سەر ئێشـــە خەریکی ئیشی خۆی بێت. لەم ماوەیەدا هەســـتم هەندێك نارەحەتە. دواتر بۆم دەرکەوت کە لە دەست (دڵشاد) وەڕس ببوو، بۆیە رۆژێك پێیوتم کە حەز دەکات لە شـــوێنی خـــۆی نەمێنێـــت و بێتە ژوورەکـــەی من کار بکات. منیش پێمـــوت داواکارییەك بەرز بکەوە لە ســـەری رازی دەبم و بـــەرزی دەکەمەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی. رۆژی دواتر داواکاریەکەیم بەرز کردەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی، دوای چەند خولەکێك بەڕێوەبەری گشتی بانگی کردە لای خۆی. لەوێ دیار بوو کێشەکەی لێپرسی بوو، ئەویش وتبووی وەرە خۆم ســـزای دەدەم. پێشی وتبوو وەرە نووسینگەکەی من و پاش ماوەیەکی تر دەتکەمە بەڕێوەبەری نووسینگە. کە لەلای بەڕێوەبەری گشتی هاتەوە دڵی زۆر خۆش بوو. وتـــم: ها چی بـــووە وا بەکەیفی؟ وتی: چۆن بەکەیف نەبم بەڕێوەبەری گشتی داوای لێکردم بچمە نووسینگەکەی ئەو. وتم: بەخوا پێمباش نییە بچییـــە ئەوێ. وتی بۆ؟ وتم دوایی بۆت دەردەکەوێت.

## کارکردن لە نووسینگەی بەرپرس

(هێڤی ) بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەکەی و دەڵێ: ســـێ چوار رۆژی پێچوو (لەیلا) هیچ کێشـــەیەکی وەهای نەبوو. بـــووە دوو هەفتە، نیوەڕۆیـــەك (لەیلا) هاتـــە لام و بەپێکەنینەوە وتی (هێڤی) وەرە کچێ قســـەیەکی خۆشـــت بـــۆ بگێڕمەوە. وتم: خێـــرە، دەی بزانم چییە؟ وتی: ئـــەوێ رۆژێ بەڕێوەبەر بانگی کردمە ژوورەوە و وتی دەرگاکە داخە و هەندێ قسەی تایبەتیت لەگەڵ دەکەم. منیش سەرم سووڕما و دەرگاکەمم داخســـت. وتـــی: دەمەوێ ئەو قســـانەی کە دەیکەم لـــە بەینی خۆمان بێ و کەس پێینەزانێتەوە. وتی لەڕاســـتیدا بەو ماوە کەمەی کە تۆم ناســـیوە گەلێ شـــتی باشی تـــۆم بۆ دەرکەوتووە. من راســـتە تۆزێك لە تۆ گەورەترم، بەڵام ئەزموونـــم لە تۆ زیاترە باوەڕ دەکـــەم ئەو بڕیـــارەی کە داومـــە رازی بیت لەسەری زۆر قازانج دەکەی. وتم بڕیاری چی؟ وتی: بڕیارم داوە بێمە داخوازیت. منیش سەرم لە بڕیارەکەی ســـووڕما، چـــۆن پیاوێکی چل ساڵە داوا لە کچێکی بیستودوو ساڵەیی دەکات شـــووی پێبکات. وتم مامۆستا زۆر سوپاست دەکەم کـــە جێگەی متمانە و ڕێزی تۆم، بەڵام ناتوانم داوایەکەت قبووڵ بکەم. کە وام پێ وت رەنگی تێکچوو، رەتکردنـــەوەی داواکەی زۆر پێناخۆش بـــوو. هەر چۆنێك بێـــت ئیزنی دام بچمە دەرەوە.

## کێشەکانی (لەیلا) زۆرتر دەبن

(هێڤی ) بەبڕیارێکی وەزاری لەو فەرمانگەیە دەگوێزرێتەوە بۆ شـــوێنێکی دیکـــە و ئیدی ئاگای لە (لەیلا) نامێنێت. با لێرەوە گوێ لە (لەیلا) خۆی بگرین و بزانین بەسەرهاتی ئەو لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکەی بەچی گەیشت. (لەیلا) بەم شـــێوەیە باسی خۆی کرد و وتی: دوای ئـــەوەی داواکەی بەڕێوەبەری گشـــتیم رەتکردەوە، لە رۆژی دواترەوە جەنابی بەڕێوەبەر بەبێ بایەخەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم، بەڵام هیچ جۆرە فشـــارێکی تری لێنەدەکردم. پێشتر پاداشـــتی جۆراوجۆری بۆ دەنووســـیم کەچی ئەوانەی هەموو لێبڕیـــم. منیش دەنگم نەکرد و هیچ بەسەرخۆمدا نەدەهێنا. ئینجا کە دیتی ئەوانە ســـوودیان نییە ئەمجارە، پاداشـــتی لە جارانیش زیاتر بۆ دەنووســـیمەوە. چەند جارێك پاش دەوام هێشـــتمیەوە و پاشان پاداشتی بەقەد نیوەی مووچەکەمی بۆم دەبڕیەوە. هێشتنەوەی پـــاش دەوام چەند جارێکی تریش دووبارە بۆوە. رۆژێکیان کە پاش دەوام مابووینەوە. وتی وەرە لـــە ژوورەکەی من کار بکـــە. منیش نەمزانی مەبەســـتێکی هەیە. لە ژوورەکەی ئەو مامەوە و ئـــەو کارانەم دەکرد کە ئـــەو داوای کردبوو. ئینجا دوای تەواوبوونی کارەکەی وتی: (لەیلا) دانیشـــە کارم پێتە. وتم: فەرموو کاری چیت پێمە من درەنگی ماڵەوەم، ســـەرەڕای وەزیفەی خۆم کاری زیاتریشم پێدەکەی. ئیدی کۆمەڵێك شتی لەو بابەتەم وت. وتی: ئەگەر حەز بکەی لەمـــڕۆوە ناهێڵم یەك کاری زیـــادە بکەی و پاداشتیشـــت زیاتر بۆ دەبڕمەوە. بەو مەرجەی بـــە داواکارییەکانی مـــن رازی بیت. وتم: من ناتوانم شـــوو بە تۆ بکـــەم تەمەنمان لەیەکەوە زۆر دوورە. وتی: ئێ باشـــە بەبێ شـــوو کردن بێت. با بەنهێنی بێ شـــوو کردنەکە. پاشان کە زانی هەر رازی نابم وتی با پێوەندیمان بەیەکەوە هەبێت و کەســـیش پێینەزانێ. پاش ئەو قسەیە بووە مشـــتومڕمان بە توورەیی هاتمە دەرەوە و فەرمانگەم بەجێهێشت. رۆژی دواتر نەچوومە دەوام. پاش دوو رۆژ ناردی بە شوێنما و چوومە ژوورەکەی و وتی ئـــەوەی لە نێوانماندا روویدا بـــا لە نێوان خۆماندا بێ و کەس پێی نەزانێت. بەمجۆرە شـــتەکەمان بە نهێنی هێشـــتەوە. دە رۆژێکی بەسەر داچوو دووبارە دەستی پێکردەوە. ئەمجارە هەر لە ژوورەکەی خۆی کە خەریکی کاری فەرمانگە بووم هەر هێندەم زانی دەرگای ژوورەکەی داخست و دوای ماوەیەك کە غافڵ ببووم، لە پڕ لە پشـــتەوەڕا پڕی دامێ و توند بەخۆیەوەی کوشـــیم و کەوتە مـــاچ کردنم تا خۆم لە دەســـتی دەرهێنا خـــەرك بوو بخنکێم، پەرداخێکی شووشـــە لە سەر مێزەکەی بەردەمم بوو، دەســـتم دایە و لە تەپڵی سەریم دا. کابرا چاوی ســـپی هەڵگەڕا و کەوتە ســـەر زەوی. کە چاوم بەم دیمەنە کەوت یەکســـەر دەرپەڕیمە دەرەوە. بەڕاکردن بەرەو دەرگای دەرەوە غارم دا. تەنیا مام حوســـێنی پاسەوان لە ناو فەرمانگە بوو کە چاوی پێمکەوت وەها شڵەژاوم و لە من زیاتریش کەسێك لە فەرمانگە نییە واقی وڕما و وتی ها کچم چیبووە، ئەوە تۆ تا ئێستا لە ناو فەرمانگە بەم درەنگە وەختەوە چیتدەکرد؟ گوتم خەریکی کاری خۆم بووم و هیچ دەنگم نەکرد و رۆیشتم. بەیانی کە چوومەوە فەرمانگە کەس بە مەسەلەکەی نەزانیبوو ئەویش هیچ قسەی نەکرد و رۆژی دواتر نووســـراوێکم نووســـی و داوای واز هێنانم کرد و چوومەوە ماڵەوە و وازم لە فەرمانگـــە هێنا. پاش مانگێك لەم رووداوە ئەندازیارێك هاتە داوام و خوا کردییە نســـیب و شووم کرد و ببڕای ببڕ جارێکی تر نەچوومەوە سەر وەزیفە.

# ئەو کچەی کە بەڕێوەبەرەکەی تەماعی تێ کردبوو!



# بەسەرهاتی ئەو کچەی کەبەهۆی ناز هەڵگرتنـــ

ئا: دیار سالار

کۆمەڵایەتی

بەسەرهاتی ئەمجارەمان زۆر جیاوازە لەهەمــوو بەســەرهاتەکانی تر، چونکە هەموو ئەو کەســانەی کە جارەکانی تر ژیانیانم وەك بەســەرهاتێك دەگێڕایەوە، هەموو هۆکاری تووشبوونیان بەکێشەکان هــەژاری بوو، بەڵام بەســەرهاتی تارا بەهۆی ناز هەڵگرتنی دایك و باوکی و دەستبڵاویەوە بووە.

(تارا) لەخێزانێکــدا دەژیا کە هەموو پێداویستییەکانی ژیانی بۆدابینکرابوو، هــەر لەســامانی زۆر و داهاتێکــی گونجاو تــا نازانم چــی دیکە، جگە لەمــەش (تارا) نازی زۆر لە رادەبەدەر دەدرایە. نازهەڵگرتنی تارا گەیشــتبووە ئــەوەی کەهەموو جۆرە ئارەزووەکانی بۆ دابیــن بکرێت، دایك و باوك و خوشــك و براکانــی زۆر نازیــان هەڵدەگــرت و هــەر داواکارییەکــی هەبووایــە بۆیان جێبەجێدەکــرد، کاتێك کــە چووە کۆلێژ لەلایەن باوکییەوە ئۆتۆمبیلێکی بۆکڕدرا کەبــووە هۆی لەناوچــوون و ئاوابوونی خۆری تەمەنی.

تارا هەمــوو بەیانیەك وەك گشــت قوتابیانــی هاوتەمەنــی بــۆ خوێندن رووی دەکردە کۆلێژ و ســەرنجی هەموو کوڕەکانی هاوپۆلی خۆی راکێشــابوو، هــەم لەبەر جوانی لــەش و لارەکەی و جلوبەرگــە مۆدێرنەکانــی و هەم لەبەر ئۆتۆمبێلە نایابەکەی و هاوکاری کردنی تارا بۆئەو سواڵکەر و هەژارانەی بەردەم دەرگای کۆلێژ. ســەرەڕای ئەوەی تارا بەهۆی نازهەڵگرتنی ماڵەوەیان کردبوویە کچێکی لووت بــەرز و خۆبەزلزان. ئەم هۆکارانە هەموویان وایکردبوو کەزۆربەی کچان و کوڕانــی زانکۆ ئیرەیی پێببەن و زۆربەیان لەخۆیانــەوە رقیان لێدەبۆوە، زۆربەی کچەکان حەزیان لێینەدەکرد یان نەیاندەویســت هاوڕێیەتی بکەن، خۆیان بەدوور دەگرت لێی.

(ئەیوب) کوڕێکی هاوپۆلی تارا بوو لەخێزانێکــی هەژار و کەمدەرامەت بوو، بەڵام ســەرەڕای ئەوەی کــە هەژار بوو ئەو هەمیشــە بەدوای کاری سێکسی و رابواردن و ئاڵوودەی خواردنەوە کهولییەکان بوو. هەمیشە قەرزدارو سەرلێشیواو بوو. تابڵێی گەنجێکی گەندەڵ و بێکەڵکبوو. مرخی لە تارا خۆشــکردبوو تەماحی لە ئۆتۆمبێل و ســامانەکەیان بوو. بەردەوام هەوڵیدەدا خــۆی لە(تارا) نزیك بکاتەوە تا لەئەنجامــدا توانی بەهۆی کچێکەوە کە هاوپۆلــی هەردووکیان بــوو توانی وردە وردە خۆی لە(تارا) نزیك بکاتەوە، تاتوانی خۆی بکاتــە برادەری و خۆی زۆر لێنزیك بکاتــەوە، لەبەر ئەوەی تارا بــرادەری کەمبوو زۆربــەی قوتابیەکان حەزیان لێنەدەکرد، ناچار بوو برادەرایەتی ئەم کوڕە گێرەشێوێنە بکات.

(ئەیوب) بەجۆرێك خۆی لێنزیکردەوە کەبتوانێت دەست بەسەر ژیانی کچێکی ســەرمایەدار بگرێت بۆ ئــەوەی پارەی رابواردن و خواردنەوەکانی خۆی پێدابین بــکات. هەمــوو بەیانیــەك لەرێگای رادەوســتاو تاوەکــو تارا دەگەیشــت و شــوێنی ئۆتۆمبێلەکــەی بۆدەگرت. هەمیشــە زۆر بایەخی پێدەدا. تارا وەك کچێکی تازەپێگەیشتوو کە لەخێزانێکدا



# ...ـسی بێسنووری دایک و باوکیەوە خۆی کـوشت

گـــەورە بووە کەباوك و دایکی دەوڵەمەند بــوون و زۆر بایەخیان پێـــداوە، حەزی لێبوو لەناو زانکۆشـــدا کەســێك هەبێت بەو جۆرە بگرە زیاتریش بایەخی پێبدات وەك خزمەتچیەك بەدواوەی بێت. رۆژانە لەکاتی رێستەکاندا لەناو کۆلێژ (ئەیوب) وەك پاســـەوانێکی تـــارا خۆی پیشـــان دەدا و هـــاوکاری دەکـــرد. کتێبەکان و سەرجەم شـــتوومەکەکانی بۆ هەڵدەگرت تا دەگەیشـــتە نزیـــك ئۆتۆمبێلەکەی و تەنانـــەت هەندێکجار دەرگاکەشـــی بۆ دەکردەوە، تالـــە ئەنجامدا تارا بەجۆرێك هۆگری بوو نەیدەتوانی وازی لێبهێنێت. بەبەردەوامی بەیەوەکە کاتیان دەبردەسەر و دەچوونـــە دەرەوە. رۆژ لـــەدوای رۆژ هەموو خەڵك بە پێوەندیەکەیانیان زانی، (ئەیـــوب) توانی وەهـــا متمانەی تارا بەلای خۆیدا رابکێشـــێت تالە ئەنجامدا چیرۆکێکی خۆشەویســـتی لەنێوان تاراو ئەیوبدا دروستبوو کە بەجۆریك تارا وازی لە ناوبانگی خێزانەکەی هێنابوو هەموو شتێکی دەکرد بۆ ئەوەی (ئەیوب) رازی بـــکات. زۆربەی جارەکان پارەی دەدایەو تەنانەت هەندێکجار زێڕەکانی خۆشـــی دەدایە ئەیوب و تا لەئەنجامدا شـــەیتان بەتـــەواوی زەفەری پێبـــردن و کەوتنە کاری سێکسی ناشەرعی و دوای چەند مانگێك تارا دووگیان بوو. ئەیوبیش ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو مەرامە گلاوەکانی لەســـەر حسابی تارا جێبەجێبکات. تـــارا بۆ ئەوەی رزگاری بێت لەم کێشەیە بە هەموو شتەکان رازی بوو تەنانەت زێـــڕ و پارەکەش هەمووی پێشکەشـــکرد و تەنانـــەت ناچاربـــوو ئۆتۆمبێلەکەشـــی بفرۆشێت و پارەکەی بدات بە ئەیوب.

لەئەنجامـــدا ئەیوب هەمـــوو ئاواتە گڵاوەکانـــی خـــۆی هێنایـــە دی و هەرچیەکی دەویست کردی، پارەو پولی کچێکی لووت بەرزی نەزانی بۆ خۆی بـــرد، ئەمجارەیان کە زانـــی تارا هیچ پارەی بەدەســـتەوە نامـــاوە بیداتێ بۆیە وێنەو گرتە سێکسییەکانی نێوانی خۆی و تارای بە ئامێری مۆبایل لەناو برادەرە کەم رەوشتەکانیدا بڵاوکردەوە و بەتەواوی ئابڕووی کچەی برد. تارا کاتێك بەمەی زانـــی، ئیتر بـــۆی دەرکـــەوت کە ئەو هەموو تەمەنی بەهەڵـــەدا چووبوو ئەو متمانە زۆرەی کە ئەم بەکەسێکی نادیار بەســـتبووی گەورەترین زیانی لێدا. ئەو کوڕەی ئەم وایدەزانی خۆشیدەوێت تەنیا ئەمی لەبەر پارەو سەروەت سامان دەویست و ئەمیش لە بەردەم کۆمەڵگە تاوانبارە، چونکە بەداخەوە ئافرەت هەمیشە دەبێت باجـــی هەڵەکانـــی بدات و هەمیشـــە ئافرەتان سزا دەدرێن، بەڵام پیاو هەرگیز سزا نادرێت. ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئەم ئێســـتا پەردەی کچێنی هەڵوەریەوەو وێنەی لەناو ئامێری زۆربەی هەرزەکارە سەرلێشێواوەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا هەیە، بۆیە تارا دنیـــای لەبەرچاو رەش بوو و ئێوارەیەکیان وەك هەندێ کچی تری ئەم شارەی کە ئێمەی تیایدا دەژین لەترسی قسەو توانجی خەڵك و لەترسی سزادانی کۆمەڵگە بە برێك نەوت خۆی سووتاندو کۆتایی بە مۆمی تەمەنی هێنا.

# کریسمس نوێکردنەوەی پەیمانە بۆ خۆشەوی

**هەموو سـالَێ میللەتانی دنیا بە هاتنی سـەری سـالَی تازەوە ئاهەنگی خۆشی و شـادی دەگێڕن و دنیا یەك پارچە خۆشی و کامەرانی تێدەگەڕێ . دەمێ سـالَە لای ئێمەی کوردیش بە هاتنی ئەم بۆنەیەوە لە شـارەکانی کوردسـتاندا، بە تایبەتیش لە یانە و**

گەنجێك : (کریسمس) بۆنەیەکی تازەیە سەبارەت بە ئێمە بەلاَم، بۆنەیەکی خۆشە لە شەوی (کریسمس)دا شارەکان دەجمێن و خەلَـك بە تێکڕا دەجۆشـێن و زۆربەی هەرە زۆریشیان لە مالَەکانیان دێنە دەرەوە و ئاهەنـگ دەگێڕن . چ وا لە خەلَك دەکات وا بە جۆش و خرۆشـەوە سـەر گەرمی ئاهەنگ گێڕان بـن ..(کوردۆ باپیر) کە گەنجێکی بیست و دوو سالَەیە و قوتابی کۆلێـژە لـە زانکـۆی

سـەلاَحەدین پێی وایە کە بۆنەکە هێمای بەخشـینەوەی کامەرانی و خۆشـییە بە مرۆڤ . ئەو بەم شـێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونی خۆی کرد و گوتی : من بە هۆی هاوڕێیەکی کریستیانەوە کە هاوڕێی قۆناغـی ئامادەییم بوو، ئاشـنایەتیم بە ڕۆژی جەژنی سەری سالَی تازە پەیداکرد . بۆنەکە بۆ ئێمە دەتوانم بلَێم کە تاڕادەیەك تازەیە بەلاَم بۆنەیەکی خۆشیشـە . پێشتر نەمدەزانی خەلَکانی ولاَتانی دیکە بۆچی ئەوەندە تامەزرۆی هاتنی سـەری سالَی تـازەن و ئاهەنگ دەگێڕن، بـەلاَم دواتر ئەوەی من بینیم ئەوە بوو کە مرۆڤەکان لە سەری سالَی تازەدا ڕۆژەکە دەکەنە بۆنەیەك بۆ زالَبوون بەسەر هەموو یادەوەرییەکی تفت و تالَ و مانایەکی دیکە دەدەنەوە بە ژیان . ڕاستییەکەی بۆ ئێمەی گەنج بۆنەکە هەر زۆر خۆشە و بەتایبەتی کە ئەو تێکەلَیەی نێوان خەلَکەکە دەبینین کە هەموویان پێکەوە لە سەما و خۆشیدان . (گولَشەن محەمـەدی) کـە تەمەنی بیست و شەش سالَە و خەلَکی کوردستانی ئەو دیوە و بەسەردان هاتۆتە ئێرە، هەم بۆ سـەردانی خزمانـی و هەمیش بـۆ ئەوەی سەری سالَی تازە لێرە لە شاری هەولێر بەسەرببات . ئەو کە بەسەردانی ئێرەی زۆر دلَخۆش دیار بوو گوتی : من ئەمە دووەم جارە لەگـەلَ خانەوادەکەم دێمە ئێرە کە بە ڕاستی سروشتی ئەم ناوچەیە و ئەم شارە دلَنشینە و قەشەنگە . جاری یەکەم کە هاتینـە ئێرە زۆر ئاسوودە بووین، بۆیە ئەمجـارە بڕیارماندا کە جەژنی سەری سالَی تـازە لێرە لە

هەولێر و سـلێمانی بەسەر ببەین . بۆ من سەری سالَی تازە بۆنەیەکی زۆر قەشەنگە . بڕیارم داوە شەوی سەری سالَ تا بەیانی بە ئاهەنگ بەسەرببەم .

سەری سالَ بۆنەی هەموومانە

هەندێـك پێیان وایە کە ئەم بۆنەیە تەنها هی برا کریستیانەکانە بەلاَم (پۆلس یۆحنا) کە کوردێکی کریسـتیانە لەو بڕوایە دایە کە نەخێر هەموومان بۆمان هەیە شـانازی بەو بۆنەیـە بکەین و هەر کەسـێك بۆی هەیە لەم شـەوەدا ئاهەنگ بگێڕێت و بە بۆنەی خۆی بزانێ . ئەو دەلَێ : لە هەموو دنیادا لەگەلَ هاتنی سـەری سالَدا، سالَ تـازە دەبێتەوە و دەورانێکـی دیکەی ژیان دەسـتپێدەکات . یادەوەرییەکی جوانیشە و هەموومان دلَخۆش دەکات .. خاتوو(نەسرین بەهنام) کە کچە کرستیانێکی دانیشتووی شارۆچکەی عەینکاوەیە پێیوایە کە جاران تەنیا کرستیانەکانی شەقلاَوە و هەڕمۆتە و کۆیە و عەینکاوە ئاهەنگی سەری سالَیان دەگێـڕا و خەلَکانی دی وەك پشـوویەك پێیان دەیانڕوانی بەلاَم ئێسـتا بۆنەکە هی هەممومانە و سـەرە سـالاَن شارۆچکەی عەینکاوە نەك بە سـەدان بگرە بە هەزاران کـەس ڕووی تێدەکات و لە سـەرلەبەری ئێوارێـوە هەتـا درەنگانی شـەو و هەتا بەرەبـەری بەیانی جمـەی دێت و خەلَك لە کەیف سـەفای خۆیانـن . ئەو دەلَێ : بەبیرم دێ پانزە بیست سالَێك بەر لە ئەمڕۆ لە سەری سـالَدا تەنها ئێمەی کریستیانی خەریکی ئاهەنگی سـەری سالَ دەبووین بەلاَم ئێسـتاکە هەموو خەلَکی کوردستان تامەزرۆری هاتنی سەری سالَن ئەوەش زۆر دلَخۆشـم دەکات چونکە بەڕاستی سەری سـالَی تازە سەری سـالَی هەموومانە و دەبێ هەموومان لە خۆشـی دا بین . زۆر دلَخۆشیشم بەوەی کە ئێستا خەلَکی کراوەتر و پێشـکەوتووترن لە جاران و بە ئاسـانی شتی تازە قبوولَ دەکەن، هەر چەندە بۆنەی سەری سالَ شـتێکی تازە نییە . ئێمە دە



# ــــستی.. با هەمووومان یەکتریمان خۆشبوێت

**شوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاهەنگی سەری ساڵ ساز دەکرێت . بۆ بەدواداچوونی ئەوەی کە داخۆ (کریسمس) چ مانایەکی هەیە لای خەڵکی ئێمە و ئایا وەك هەر میللەتێکی زیندووی سەر رووی ئەم زەمینە بۆتە بۆنەیەکی گشتی . ئەم ریپۆرتاژەمان ئەنجامدا ..**

رۆژێك پێشوەخت خۆمانی بۆ ساز و ئامادە دەکەین . مـــام (پۆڵس)کـــە ئەویش هەر لە شـــارۆچکەی عەینکاوەیە و دوکاندارە پێیوایە کـــە ئەم خەڵکە هەمـــووی برای یەکترن با ئایین و مەزهەبیشیان جیاواز بێت هەمووان هەقی خۆیانە بە هاتنی ســـەری ســـاڵی تازەوە دڵخۆش و بەختەوەر بن . ئەو دەڵێ : ئێمە راهاتووین کە ســـەرە ســـاڵان ئێرە قەرەباڵغ بێـــت و ئافرەت و پیاوان روو لەم شـــارۆچکەیە بکەن و بچنە یانەکانی ئاهەنگ گێڕان

کچێك : حەزدەکەم لەم شـــەوەدا ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت لەگەڵ خۆشەویستەکەم سەما بکەم

بۆ گەنجان ئەم شـــەوی ســـەری ساڵە بۆنەیەکی زۆر تایبەتی و نایابە و ســـەدان رازای دڵیان هەیە و دەیانەوی لەم شـــەوەدا بۆ خۆشەویســـتەکانیان بیدرکێنن . (لەنجە صەبـــوور) کچێکی نەشـــمیلی باڵا بەرز بوو کە پرســـیارمان لە بارەی کریسمسەوە لێکرد و ئاخـــۆ هیوای چی دەخوازێت ئەو بێ دوودڵی شەرم کردنەوە زۆر بوێرانە رای خۆی دەربڕی و گوتی : کریسمس یەکێکە لە بۆنە خۆشـــە دەگمەنەکان، کە من زۆر بە تامەزرۆییـــەوە چاوەڕوانیم بە تایبەتیش ئەمســـاڵ کە بەدەزگیران کراوم . بۆیە پڕ بەدڵ حەزم لە کریسمســـە و ئومێدم ئەوەیە لەم شەوەدا ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت لەگەڵ خۆشەویستەکەم سەما بکەم و هەڵپەڕم . خۆشترین ساتم شەوی کریسمسە، چونکە هەمووی خۆشی و سەفایە و ساتێکە ئەکەر بۆ ماوەیەکی کەمیـــش بێـــت ناخۆشـــی و خەمەکانی ژیانت لە بیر دەکەی . (نـــەوزاد نەجمەدین) کە گەنجێکی بیســـت و سێ ساڵی بوو بە هەناسە هەڵکێشانەوە باســـی لەوە کرد کە چەند ســـاڵێ پێش ئێستا ئەوەندە بایەخی بە بۆنەی کریسمسەوە نـــەداوە بۆیـــە لـــەو بارەیەوە دەڵـــێ : بەداخەوەم بۆ ئەو ســـاڵانەی رابردووم کە ئەو بۆنەیەم لەدەســـتداوە و نەزانیوە بەخۆشـــی بەسەری ببەم . بەڵام ئێســـتا دەزانم کە شەوی کریسمس چ شەوێکی خۆشە و مرۆڤ دەتوانێ زۆر شتی بەسوودیش بکات نەك هەر بچێتە یانەکان لە ماڵەکانی خۆشـــیانەوە دەتوانـــن بەخۆشـــی بەســـەر ببەن و بیکەنـــە بۆنەیەك بۆ یەکتر خۆشویستنەوە و یەکتر لە ئامێز گرتـــن . دەبـــا بـــەو بۆنەیەوە د و و بـــا ر ە یە کد یمـــا ن خۆشبوێتەوە.



# دوورکەوتنەوەی ژن و مێرد لە یەکتری بەهۆی سەفەرکردنەوە

ناسك سەعيد

تاکەکانی کۆمەڵگە لەژیانیاندا هەوڵ ئەدەن ئایندەیەکی باش بۆ خۆیان و نەوەکانیان بەرجەستە بکەن، سەرجەم ئەو گرفت و ناخۆشیانەی دێتە ڕێگەیان وەلای دەنێن تا وەك کەسێکی سەرکەوتوو لەژیاندا ئەژمار بکرێن، ئەو بارودۆخەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هات فاکتەرێك بوو بۆ کۆچکردنی زۆرێك لەگەنجان و خێزانی کورد، هەندێك جار کەسی یەکەمی خێزان (باوك) دەستپێشخەربووە لەم لایەنەدا و سەرجەم خێزانەکەی بەجێهێشتووە. کاتێك دوو هاوسەر یەکێکیان کۆچ بکات و ئەوی تریان لەچاوەڕوانیدا بێت، دەبێت لەڕووی دەروونییەوە لەچ بارێکی ناجێگیریدا بێت؟ بیرکردنەوەی چۆن بێت تا بەیەك دەگەنەوە؟

لەم تەوەرەدا قسەدەکەین لەسەر دەرەنجامەکانی بەجێهێشتن و جیابوونەوەی دوو هاوسەر بەهۆی کۆچکردنەوە، پاش چاوەڕوانیەکی زۆر لەلایەن هاوسەرەکەی ترەوە دەبێت دەرەنجامەکانی چۆن بن:

شادی مەجید، یەکێکە لەو ئافرەتانەی بۆماوەی (٩)نۆ ساڵ لەچاوەڕوانی هاوسەرەکەیدایە، پاش گەڕانەوەی جارێکی تر بەجێی هێشتۆتەوە، شادی دەڵێت: ئەگەر بمزانیایە وەفای مێردەکەم بەو جۆرە دەبێت هەرگیز ڕێگەی ئەوەم پێنەئەدا بیر لەهەندەران بکاتەوە، چونکە دوای چاوەڕوانیەکی زۆر جارێکی تر بێباکانە سەفەری کردەوە و منی بەجێهێشت بەبێئەوەی هەست بکات من خێزانی ئەوم و ٩ نۆ ساڵە بەتەنیا ئەژیم. بێگومانم لەوێ خێزانێکی تری پێکهێناوە ئەگەرنا کەمێك لەبیری منیشدا دەبوو، بەدەرلەوەی ڕۆژانە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە گوێ بیستی چەندین قسەی ناخۆش دەبین.

لەبەرامبەر کۆچکردنی پیاوانیشدا، بەهەمان شێوە ژنیش سەفەر دەکات و بۆ چەند ساڵێك لەمێردەکەی دووردەکەوێتەوە، لەم بارەوە (دڵشاد حەمەساڵح)ی مامۆستای ناوەندی دەڵێت: خێزانەکەم زۆری جەخت دەکرد هەموومان بڕۆین بۆ هاندەران و لەوێ بژین، منیش لەڕووی داراییەوە ئەو توانایەم نەبوو، بۆیە پشتگوێم دەخست. بەڵام ئەو توانی لەڕێگەی ماڵی باوکیەوە سەفەر بکات، ئێستا بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵە ڕۆیشتووە، تائێستا هیچی بۆئێمە نەکردووە کە لەگەڵ خۆیدا بمانبات، من و دوو منالّم هەر لەچاوەڕێی ئەوداین نازانین کەی دەگەڕێتەوە؟

لەکاتێکدا کوڕێك کە لەهاندەران دەگەڕێتەوە و دەچێتە داوای کچێك سەرەکیترین داوای کچەکە ئەوەیە کە زوو کارەکانی بۆ ڕاپەڕێنێت و لەگەڵ خۆیدا بیبات:

ماریا جەمال، کە قوتابی زانکۆی سلێمانی بووە، دەڵێت: کاتێك شووم بەکوڕێك کرد کە لەهاندەران دەژیا زۆر خۆشحاڵ بووم، وتی واز لەخوێندن بێنە لەبەرئەوەی بەزووترین کات دەتبەم، جگەلەوەی بۆماوەی (٢) ساڵ چاوەڕێی دەکەم بەڵام هەست دەکەم درۆم لەگەڵدا دەکات چونکە هەرجارەی بیانویەك دێنێتەوە. ئەم چاوەڕوانیە بێ متمانەیی دروست کردووە لەنێوان هاوسەرەکاندا، دەکەونە دوو حاڵەتەوە نازانن چاوەڕێکردنەکەیان چ دەرەنجامێکی دەبێت، بۆیە منیش لەچاوەڕێی ئەوەدام بزانم چارەنووس چیم بۆ دەکات.

ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان لەدەرەوەی وڵاتن هەمیشە لەدڵەڕاوکێی ئەوەدان کە پێدەچێت هاوسەرەکانیان خێزانێکی دیکەیان پێك هێنابێت ئەگەرنا بۆ کەمتەرخەم و خەم ساردن لەئاستیاندا:

سنوور حەسەن، کە هەڵسوڕاوێکی ژنانە، دەڵێت: هاوسەرەکەم پێش ئەوەی سەفەر بکات کەسێکی میهرەبان ودڵسۆز بوو، بەڵام لەگەڵ یەکەم هەنگاوی بۆ هاندەران ئەو میهرەبانیەی نەما، من و منالّەکەمی بەجێهێشتووە کە ئەوکات تەمەنی منالّەکەمان تەنیا ٢ دوو مانگ دەبوو ئێستا بۆماوەی ١١ ساڵە سەفەری کردووە، ئەوەی بیری لێنەکردۆتەوە بردنی ئێمە بێت، لەبەرئەوەی بەردەوام دەڵێت بەیەکجاری دێمەوە، کاتێك دەپرسم بۆ بەزووترین کات نایەیتەوە لەوەڵامدا دەڵێت جاری کارم هەیە، دەڵێم ئێمەی ژنان دەبێت هەمیشە ببینە قوربانی خۆشیەکانی پیاوان.

توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن یەکێك لەخراپترین ئاکارەکانی خێزان، دوورکەوتنەوەی ژن و پیاوە بۆماوەیەکی درێژ، چونکە دەرەنجامی نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە، لەم لایەنەوە توێژەری کۆمەڵایەتی (ئاری حەمەئەمین) دەڵێت: بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هات و کرانەوەی کۆمەڵگە بەڕووی جیهاندا چەندین دەرەنجامی خراپی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا، یەکێك لەوانە جیابوونەوەی هاوسەرەکانە بۆماوەیەکی کاتی



بەهۆی سەفەرکردنەوە. بژێوی ژیان وای کرد ئەم حاڵەتە دروست بێت بەڵام نابێت لەرووی دەروونیەوە یەکتر فەرامۆش بکەن، ئەو دوو تاکە کاتێك بڕیاری ئەوەیانداوە پێکەوە بژین دەبێت بڕیاری ئەوەش بدەن لەرووی دەروونیەوە ئاگایان لەیەکتر بێت. نـەك یەکێکیـان لەوپەڕی خۆشـیدابێت و ئـەوی تریان لە چاوەڕوانیدابێت.

بۆیە دەبینین کە زۆربەی جار ئەو خێزانانە تووشی جیابوونەوەی یەکجـاری دەبن، هـۆکاری سەرەکیش کەمتەرخەمی پیاوە لەملایەنـەوە، لەبەرئەوەی کە دەچێتە ئەوروپا و ژیانی ئەوێ دەبینێـت واهەسـت دەکات ئیتـر ناتوانێت لەگەڵ ژن و خێزانەکەی خۆیدا جارێکی تر ژیان دەست پێبکاتەوە، ئەمـەش خراپتریـن حاڵەتی بیرکردنەوەیە کە رۆژانە دەبیستین چەندیـن خێزان لەبەر ئەم هۆکارە جیابوونەتەوە.

# کریسمس ساتێک



**ڕۆژێك لەژیانی هەموو تاكێكدا دەبێتە بنەمایەك بۆ زیندووكردنەوەی یادەوەرییەكان، سەری ساڵی تازە(كریسمس) ئەو ڕۆژەیە هاوسەرەكان یان دوو هاوڕێ، دوو خۆشەویست تیایدا كارتێكی پیرۆزبایی و دیاری دەگۆڕنەوە، دەپرسین ئەو دیارییە لەزهنیاندا چەندە بەهاو گرنگی هەیە، بۆتە زیندووكردنەوەی یادەوەری خۆشەویستان؟ بەخشینی دیاری لەو ڕۆژەدا بۆچی بۆتە دیاردە و تایبەتمەندی خۆی هەیە؟ دەستنیشانكردنی ڕۆژەكە بۆئەوەیە كەهەموو كەسێك پابەندی ئەو ڕۆژەیە یان تەنیا لای ئەو دوو كەسەی دیاری دەگۆڕنەوە ئەو تایبەتمەندیەی هەیە؟**

دەمانەوێت بۆچوونی چەند كەسێك وەربگرین كە گرنگی بەكریسمس دەدەن و لەئێستاوە دەستنیشانی دیاری كریسمسیان كردووە بۆ كەسی بەرامبەریان:

لە ڕۆژی كریسمسدا هەڵبژاردنی كەسێك و بەخشینی دیاری نیشانەیە بۆ ئەوەی كە هەستی خۆشەویستی تیاماندا زیندووە، ئەمە باوەڕی شانۆ سیروانی راگەیاندنكارە، ناوبراو ئاماژە بۆ تایبەتمەندی كریسمس دەكات لەڕووی گۆڕینەوەی دیارییەكان و دەڵێت:

ئەگەرنا گرنگ نییە ئەو دیاریە دەبەخشیت بەچ كەسێك؟ ڕێدەكەوێت تەنیا بەكارتێكی پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە زیندوو بكەیتەوە، نەك بەدیارییەكی گران بەها. پەسەندكردنی ئەو كارتە و هێشتنەوەی وەك یادەوەرییەك لای كەسی بەرامبەر زیاتر ئەو خۆشەویستیەی نێوان ئەو دووانە دەهێڵێتەوە.

بەڵام بەپێچەوانەی شانۆوە (بەیار عومەر)ی قوتابی زانكۆی سلێمانی بڕوای وایە تەنیا پێدانی دیاری مەرج نییە بەكەسی بەرامبەر، بەڵكو دەبێت بزانیت دەیبەخشیت بەچ كەسێك، چونكە ئەو ڕۆژە تایبەتمەندیەكی وەرگرتووە كە زۆرجار دوو كەسی خۆشەویست دیاری دەگۆڕنەوە، هاوسەرەكان بۆ هێشتنەوەی پێوەندییە خۆشەویستییەكەیان كارتی پیرۆزبایی دەگۆڕنەوە، بەدەر لەوەی كە لەوانەیە دیاری گەورەتریشی لەگەڵدابێت، كچ و كوڕێكیش وەك دوو خۆشەویست بۆ دروستكردنی پردی خۆشەویستی دیاری دەگۆڕنەوە، لەهەموو حاڵەتەكاندا بەهایەكی دیاریكراوی خۆی هەیە.

كچانیش وەك كوڕان خۆیان ئامادە دەكەن بۆ كڕینی دیاری و كارتی پیرۆزبایی بۆ كریسمس، لەكاتێكدا لەنێوان هاوڕێ كچەكاندا زیاتر ئەوە دەبیندرێت تا هاوڕێ كوڕەكان، لەمەوە (دێرین ئیسماعیل)ی ڕۆژنامەنووس پێیوایە تاكی كوردی یەكێك لەو بنەمایانەی پەیوەستە بەدروستبوونی خۆشەویستی لەبیری نەكردووە، چونكە كەم مرۆڤ هەیە بتوانێت بە وتن



# بۆ نوێ بـوونەوە

ئەو خۆشەویستیەی هەیەتی بۆ کەسی بەرامبەری دەریبڕێت، بەڵام دەتوانێت بەچەند دێرێك لەسەر کاغەزێك ئاماژەی پێبکات، هەرچەندە لەئێستادا بەهۆی مەسجێکەوە پیرۆزبایی خۆی دەنێرێت و گرنگی بەکارتی پیرۆزبایی نادات، بەڵام کچ لەبەرئەوەی لەڕووی سۆزەوە زیاتر هەست بەخۆشەویستی دەکات، حەز دەکات بەکارتێکی پیرۆزبایی ئەوەی لەناخیدایە تەنانەت بۆ هاوڕێیەکی کچیشی بێت، بینووسێت.

(ئاواز ئەنوەر صۆفی)ی چالاك لەبواری ئافرەتان و چالاکییە مرۆییەکاندا، دەڵێت: ئەگەر لەهەموو ڕۆژەکانی ساڵدا هاوسەرەکەم دیاریم بۆ بکڕێت، بەقەدەر ڕۆژی کریسمس لەلام گرنگی نییە، چونکە پێموایە ئەو ڕۆژە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و دەستپێکی ساڵێکی نوێیە لەژیانماندا، ئیتر گرنگ نییە دیارییەکە هەرچییەك بێت، بەڵام لەبیرکردنی دیاری لەو ڕۆژەدا کاریگەری سلبیم لەسەر بەجێ دەهێڵێت.

بۆیە پێم باشە کڕینی دیاری و گۆڕینەوەی کارتی پیرۆزبایی لەو ڕۆژەدا گرنگییەکی زیاتری پێبدرێت و هاوکات پارێزگاریشی لێ بکرێت، ئەوەندەی من ئاگاداربم ئافرەتان زیاتر خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە دەکەن و دیاری دەکڕن، پیاوان بەزەرووریەتی نازانن وەك دەڵێن دەبێت هەموو ڕۆژێك پێوەندی خۆشەویستی تازە بکرێتەوە نەك لەڕۆژێکدا کۆبکرێتەوە یان یادی بکرێتەوە.

بیرکردنەوەیان لەئاست ڕۆژی کریسمسدا جیاوازە، چۆن ئافرەتان پێیانوایە خۆیان دەستپێشخەرن بۆ پیرۆزبایی، پیاوانیش بەهەمان شێوە رایانوایە، کە ئافرەتان گرنگی بەو ڕۆژە نادەن: وەك (شێرزاد عەبدوڵلا)ی مامۆستا دەڵێت: زۆربەی ساڵەکان دیاری یان کارتی پیرۆزبایی بۆ هاوسەرەکەم دەکڕم، ئەو کاتە بەبیری دێتەوە کە دەبوو ئەویش خۆی بۆ ئامادە بکردایە.

ئەو دیارییە گرنگی و خۆشەویستی خۆی هەیە، لای من نیشانەیە بۆ پابەندبوونی ئەو دوو کەسە بەیەکتر بەتایبەت هاوسەرەکان، چونکە لەژیانی ئەمڕۆماندا بەهۆی سەرقاڵیمان بەژیانەوە وای لێکردوین کەمتر ئاوڕ لەبۆنە تایبەتییەکان بدەینەوە، ئەگەر هاوسەرەکان لەساڵێکدا ڕۆژێك نەبێت بۆ زیندووکردنەوەی خۆشەویستی، ئیتر چۆن لەو خێزانەدا خۆشەویستی بەرەو کاڵبوونەوە ناچێت؟

توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان جەخت لە کڕینی دیاری دەکەنەوە لەنێوان هاوڕێ و خۆشەویست و هاوسەرەکاندا، (سەفین جەزا)ی توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: بێگومان کڕینی دیاری لەنێوان خۆشەویستاندا بەهای خۆی هەیە، راستە ئەگەر دایکێك بۆ کچێکی یان کوڕێکی بکڕێت یان دوو خوشك لەنێوان یەکتردا بیگۆڕنەوە، بە ئەندازەی کوڕ و کچێك یان دوو هاوسەر گرنگی خۆی نییە، چونکە ئەو پێوەندییە خۆشەویستییە بەکڕینی دیاریەك لەزەینی بەرامبەردا هێشتا هەر بەزیندویی دەمێنێتەوەو جێگەی بایەخ پێدانیەتی.

کریسمس لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەوەندە وەك ڕۆژێکە بۆ گۆڕینەوەی دیاری سەیری دەکەن ئەوەندەی وەك دەستپێکی ساڵی تازە گرنگی پێنادرێت. دروست بوونی غەریزەی خۆشەویستی لە مرۆڤەکاندا حاڵەتێکی سرووشتیە، بەڵام دەربڕینی بۆ کەسی بەرامبەر پێویستی بەهۆکار و ڕێگەیەك هەیە، خۆشەویستی لەنێوان هاوسەرەکاندا یان کوڕ و کچێکدا پاڵنەرە بۆ پتەوکردنی خۆشەویستییەکەیان، دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆژەش وا دەکات ئەگەر پێوەندییەکەیان لاوازی بەخۆیەوە بینیبێت، بە گۆڕینەوەی دیاری پتەو دەبێتەوە، بۆیە گرنگ نییە ئەو دیاریە هەرچیەك بێت، ئەوەندەی کە گرنگە لەبیرماندا بێت دیاریەك بۆ خۆشەویستەکەمان بکڕێن.



**بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :**
Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com